# شیعری ئینگلیزی



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

# شیعری ئینگلیزی

## بەرگی یەکەم: شیعری سەدەی بیستەمی بریتانیا

هەڵبژاردن و وەرگێڕان:

**ئومید وەرزەندە، بەختیار سەجادی**



**پێشکەشە:**

بەو قەڵەمە نوێ و جیدییانەی کە ناسوێن

**سپاس و پێزانین بۆ:**

ئەنستیتۆی کورد لە تاران، بەتایبەت کاک بەهرام وەڵەدبەگی

ناوی کتێب: شیعری ئینگلیزی
هەڵبژاردن و وەرگێڕان: ئومید وەرزەندە، بەختیار سەجادی
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ١٣٧
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
بەرگ: شکار عەفان نەقشبەندی
نووسینی سەر بەرگ: محەمەد زادە
پیت لێدان: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل- لوتفی شۆڕش
سەرپەرشتیی کاری چاپخانە: ئاوڕەحمان مەحمود
چاپی یەکەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر- ٢٠٠٢
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٢٠٨)ی ساڵی ٢٠٠٢ ی دراوەتێ

# پێرست

**پێشەکی** ..... 7
**شیعری سەدەی بیستەمی بریتانیا** ..... 11
**١- تامس هاردی (١٩٢٨ - ١٨٤٠)** ..... 25
سەیرەی تاریکی ..... 26
ئەو پیاوەی کوشتی ..... 28
**٢- ئەی. ئی. هۆسمەن (١٩٣٦ - ١٨٥٩)** ..... 31
خۆشەویستترین درەخت ..... 32
کە بیست و یەک ساڵان بووم ..... 33
ئەستێرەکان ..... 34
**٣- سیگفرید سەسوون (١٩٦٧- ١٨٨٦)** ..... 35
«ئەوان» ..... 36
**٤- ویلفرێد ئۆوێن (١٩١٨ - ١٨٩٣)** ..... 37
مەرگەشین بۆ جوانەمەرگ ..... 38
شیرینە مردن لەپێناو وڵات ..... 39
**٥- ویلیام باتلێر یەیتس (١٩٣٩ - ١٨٦٥)** ..... 42
سەفەر بۆ بیزانس ..... 44
لیداوقوو ..... 46
لەنێو منداڵانی قوتابخانەدا ..... 47
**٦- جەیمز جۆیس (١٩٤١ - ١٨٨٢)** ..... 53
لە کەناری فۆنتانا ..... 55
دەنگی سوپایەک دێتە گوێم ..... 56
**٧- دی. ئیچ. لارێنس (١٩٣٠ - ١٨٨٥)** ..... 57
پیانۆ ..... 59
وەیشوومەی ئەوین ..... 60



**٨- تی. ئێس. ئیلیۆت (١٩٦٥ - ١٨٨٨)** ..... 62
سترانی ئەڤینی جەی ئاڵفرێد پروفراک ..... 64
سەفەری مۆغ ..... 74
**٩- ڕابرت گرەیڤز (١٩٨٥-١٨٩٥)** ..... 77
تۆڕی فێنک ..... 78
**١٠- دابڵیو. ئیچ. ئۆدن (٧٣-١٩٠٧)** ..... 80
مۆزەخانەی هونەرە جوانەکان ..... 82
لەیادی یەیتس دا ..... 84
**١١- دیلن تامس (٥٣-١٩١٤)** ..... 90
تەپۆڵکەی کاج ..... 92
بەئارامی خۆت مەسپێرە بەو شەوە خۆشە ..... 96
**١٢- فیلیپ لارکین (٨٥-١٩٢٢)** ..... 98
پەیڤین لەسەر سەرین ..... 100
هەنگاوە خەمینەکان ..... 101
**١٣- تێد هیوز (٩٩-١٩٣٠)** ..... 103
ئایینناسی ..... 105
حەوت خەم ..... 106
**١٤- شیمووس هینی (   - ١٩٣٩)** ..... 109
کەندن ..... 110
**١٥- کرێگ ڕەین (   - ١٩٤٥)** ..... 113
مەریخییەک بۆ ماڵەوە کارتپۆستاڵ ئەنێرێ ..... 114

# پێشەکی

وەرگێڕان یەکێ لە کۆنترین شێوەکانی پێوەندیی نێوان مرۆڤە کە بەمەبەستی لێکگەیشتن ئەنجام دراوە. هەروەک یوئین ڕێنچائۆ[1]، بیرمەند و تیۆرزانی وەرگێڕان، ئەڵێ: «مێژووی وەرگێڕان بەئەندازەی برجی بابل کۆنە و، لە پێوەندیی نێوان زمانەکاندا ڕۆڵی وەرگێڕان لە خوێندن و فێربوونی زمانی بیانی[2] و دووزمانە بوون[3] گرنگترە.» لە پێناسەکردنی وەرگێڕاندا سێ چەمکی زانست، هونەر و تەکنیک دێتە ئاراوە. ئەوانەی کە وەرگێڕان ئەخەنە خانەی زانستەوە لایەنی زماننناسانە ئەگرن و پێیان وایە بەبێ کەڵک وەرگرتن لە زانستی زماننناسانە وەرگێڕان ئەنجام نادرێ. ئەوانەی کە وەرگێڕان بەهونەر ناوزەد ئەکەن زیاتر باسی سەلیقەی تاکی ئەکەن و ئەڵێن: «وەرگێڕانیش وەکوو چالاکییە هونەرییەکانی تر دیاردەیەکی چەند لایەنەیە نەک شیکارانە و، پێویستی بەیاساکانی ڕێزمان و نەحو نییە» لە لایەکی ترەوە، هەندێک وەرگێڕان بەتەکنیک ئەزانن و پێ لەسەر ئەو خاڵە دادەگرن کە هەرکەس لە وەرگێڕاندا زۆرتر خۆی ماندوو کردبێ، بەپێی ئەو ئەزموونانەی لەم ڕێگەیەدا بەدەستی دێنێ لە وەرگێڕاندا بەتواناتر ئەبێ. بەڵام، سەرکەوتن لە وەرگێڕاندا تەنیا بەزانستی زماننناسانەوە نەبەستراوە و، سەرەڕای ئەمەش، وەرگێڕان هونەر بەمانا ڕەهاکەی نییە و، تەنیا لە ڕێگەی خۆماندووکردنیشەوە سەرکەوتنی وەرگێڕ مسۆگەر نابێ وەرگێڕان، بەڵام، ئاوێتەیەکە لە زانست، هونەر و تەکنیک؛ واتە، وەرگێڕ وێڕای ئەوەی کە دەبێ خاوەن زانستی زماننناسانە بێ، دەبێ ئاشنایەتی لەگەڵ چەمک گەلێک وەکوو زاراوە، چەشنی زمانی، زاراوەی کۆمەڵایەتی، مێژوویی، جوگرافی، گوتار[4]، شێوازی نووسین و هتد هەبێ.

پێویستە بوترێ کە زانستی زماننناسانە بەشێکی هەرە گرنگی سیستەمی

1. Yuen Ren Chao.
2. Forign language.
3. bilingualism.
4. discourse.



مەعریفەناسیی وەرگێڕە بەتواناکانە. ئامرازە زماننناسەکان لە وەرگێڕاندا ڕۆڵی ڕێنوێنیێکیان هەیە کە دەستی وەرگێڕ ئەگرن و لە کەند و کۆسپ و بەرزی و نزمیی وەرگێڕاندا ناهێڵن بەلاڕێدا بڕوات. لەپاڵ ئەمەشدا، کە چەمکی هونەر لە وەرگێڕاندا دێتە گۆڕێ، دوو ڕاڤەی جیاوازی لێ ئەکرێ کە بریتییە لە داهێنان[1] و مەبەستناسی[2]، کە لە زانستی زماننناسانەی وەرگێڕەوە سەرچاوە دەگرێ. لایەنگریی زۆربەی پسپۆڕانی وەرگێڕان لەلایەنی هونەریی وەرگێڕان لەوێوە سەرچاوە دەگرێ کە لە زماندا ئەندێشەیەکی تاک ئەکرێ بەشێوەگەلێکی جۆراوجۆر دەرببڕدرێ. چەشنە جیاوازەکانی گوتار بەبەکارهێنانی وشەی جۆراوجۆر و ڕێزمانی جۆراوجۆر بەدەست دێ، هەرچەندە ئەم شێوە دەربڕینانە بۆ ئەندێشەیەکی تاک کاریگەرییەکی یەکسانیان نییە. کەوایە، زماننناسی بۆ گرێ کردنەوە و کۆکردنەوەی[3] دەقی سەرچاوە[4] بەکار دەبرێت و خولقاندنی ماناش لە زمانی مەبەستدا[5] بەگرێ تێخستن و کۆدسازی.[6]

وەرگێڕ لە قۆناخێکدا زمان ئەشێوێنێ و لە قۆناخێکی تردا لە پاڵ یەک و لە جێی شیاودا دایاندەنێتەوە. بۆ کۆدکردنەوە پێویستی بەزانستی زمان هەیە و، بۆ کۆدسازییش پێویستی بەهونەری گوتار هەیە و، هەرچی لەم ڕێگەیەدا فرەتر خۆی ماندوو کردبێ لە تەکنیکی وەرگێڕاندا کارامەتر دەبێ. بەکورتی، وەرگێڕان گواستنەوەی مانا، واتا، پەیام، فۆرم، شێواز و ڕۆحی دەقە لە زمانی سەرچاوەوە بۆ زمانی مەبەست.

ئاکامی ساڵەها تیۆرداڕشتن و لێکۆڵینەوە لەسەر وەرگێڕان کۆمەڵێ زانیاری ئەدا بەدەستمانەوە کە ئەمڕۆکە پێی ئەوترێ تیۆری وەرگێڕان. بەبڕوای وەرگێڕ و تیۆرزانی بەناوبانگ، پیتر نیو مارک[7]، تیۆری وەرگێڕان بریتییە لە: «کۆمەڵێ زانیاری کە ئێستاکە و لە داهاتوودا سەبارەت بەپرۆسەی وەرگێڕان وە دەستی دێنین». لە لایەکی ترەوە، بەڕای یوجین نایدا[8]، ئەگەر بمانەوێ لقەکانی وەرگێڕان بەباشی بناسین و پێناسەیان بکەین، دەبێ وەرگێڕان بەپێی پێوەندی لەگەڵ بەشەکانی تری زانستدا لە

1. creativity.
2. pragmatics.
3. decoding.
4. Source Text.
5. target language.
6. encoding.
7. Peter Newmark.
8. Eugene Nida.

بەرچاو بگیرێ؛ ئەو بەشانەش بریتین لە: زمانناسیی بنەماخوازانە[1]، هۆزناسی[2] بەتایبەت لە بواری پێوەندیی نێوان زمان و فەرهەنگدا، تیۆری پەیوەندی[3]، دەروونناسی و فەلسەفەی زمان. با ئەمەش بوترێ کە تیۆری وەرگێڕان ئەمڕۆکە لە زانکۆکانی ئەوروپا و ئەمریکادا تا پلەی **Ph.D.** ئەوترێتەوە و وەرگێڕان خاوەنی ئەکادیمیای تایبەت و گوتاری زانستیی تایبەت بەخۆیەتی. لێرەوە بەپێویستیمان زانی لەم پێشەکییە کورتەدا گرنگایەتیی تیۆری وەرگێڕان بۆ خوێنەر و بەتایبەت وەرگێڕی کورد زۆرتر ڕوون بکەینەوە تاکوو وەرگێڕان نەبێتە کارێکی ئاسایی.

سەرەڕای ئەو خالآنەی سەرەوە، هەموو تیۆرزانان و پسپۆڕانی وەرگێڕان لەسەر ئەم ڕایەن کە وەرگێڕانی شیعر ئەگەر کارێکی نامومکین نەبێ، کارێکی بەڕاستی سەخلەت و پڕ چەڵەمەیە. ڕابرت فرانس[4]، شاعیری مەزنی هاوچەرخی ئەمریکی، لە گوتەیەکی بەناوبانگدا ئەڵێ: «شیعر ئەوەیە کە لە وەرگێڕاندا ون دەبێ». ئەوانەی لەسەر وەرگێڕانی شیعر توێژینەوەیان کردووە، لە پرۆسەی لێکۆڵینەوەکەیاندا چەند وەرگێڕانێکی جۆراوجۆری یەک شیعریان داوەتە بەر ڕا و ڕەخنە و، بەم ئاکامە گەیشتوون کە هیچ کام لە وەرگێڕانەکان لەوانی تر ناچێ، کە یەکێ لە هۆ سەرەکییەکانی ئەم جیاوازییە لێک نەچوونی بەستێنی[5] فیکری، کۆمەڵایەتی تاکیی وەرگێڕەکانە. ئێمە لەسەر ئەو ڕایەین کە وەرگێڕانی شیعر ئەبێ بەشیعر بێ چونکە، لە لایەکەوە، بەشێوازی ئەسڵی نزیکترە و، لەلایەکی تریشەوە، وەرگێڕ ئەتوانێ دەست بداتە جوانکاری و، جگە لەمەش، دەربڕینی هەست لە قاڵبی شیعردا لەچاو پەخشان بەرچاوتر و کاریگەرترە. کەواتە، وەرگێڕانی شیعر بۆ خۆی چەشنە داهێنانێکی تایبەتە، کە ئەگەر لەلایەن شاعیرێکی وەرگێڕەوە ئەنجام نەدرێ پێویستە لەسەردەستی وەرگێڕێکی شیعر ناسەوە بەئەنجام بگات. ئەوەش ئاشکرایە کە زانینی دوو زمانی سەرچاوە و مەبەست تەنیا مەرجی وەرگێڕان، بەتایبەت وەرگێڕانی شیعر، نییە؛ بۆیە ئەگەر شاعیرێکی وەرگێڕ یان وەرگێڕێکی شیعر ناس نەیکات شەرافەتی شیعر ئەڕووشێ.

1. structuralistic linguistics.
2. ethnology.
3. Information theory.
4. Robert Frost.
5. Context.



لە دووتوێی ئەم کتێبەدا ٢٨ شیعری پانزدە شاعیری هاوچەرخی ئینگلیزی وەرگێڕدراوەتەوە بۆ سەر کوردی کە هەموویان لە شیعرە بەرزەکانی شاعیرە هەڵکەوتووەکانی سەدەی بیستەمی بریتانیا پێکهاتوون. لە وەرگێڕانی شیعرەکاندا هەوڵ دراوە تاکوو نەک هەر ناوەڕۆک و شێواز بەڵکوو تا ڕادەیەکی زۆریش فۆرمی شیعرەکان بگوازرێتەوە بۆ سەر کوردی. ئەمەش پیشاندەری ئەوەیە کە سەرەڕای، ئەوەی ویستوومانە خوێنەری کورد لەگەڵ شیعری ئینگلیزیدا ڕاستەوخۆ ئاشنا بکەین، لایەنەکانی دەقی سەرچاوەش بپارێزین. هیواداریین ئەمە هەوڵێ بێ بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەک لە بۆشاییەکانی کتێبخانەی کوردی، بەتایبەت لە بواری وەرگێڕانی شیعر لە زمانی ئەسڵییەوە. ماوەتەوە بڵێین کە بەرگی دووەمی ئەم پرۆژەیە تەرخانکراوە بۆ شیعری سەدەی بیستەمی ئەمریکا. کە بەو هیوایەین لە داهاتوویەکی نزیکدا بکەوێتە بەردەستی خوێنەران.

ئومێد وەرزەندە، بەختیار سەجادی

سنە، پاییزی ١٣٨٠ی هەتاوی - ٢٠٠١ی زایینی

# شیعری سەدەی بیستەمی بریتانیا

شیعری سەدەی بیستەمی بریتانیا چەندین دەنگی سەربەخۆی لە خۆگرتووە کە هەڵوێستی جیاوازییان سەبارەت بەکارەسات و ڕووداوەکانی سەردەمی هاوچەرخ گرتۆتەبەر. گرنگترین هەڵوێستی ئەم شیعرە بریتی بوو لە شێوەی تایبەتی هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو جیهانەی کە لە نێوان دوو شەڕی گەورەی جیهاندا بەتەواوی لێک پچڕابوو. کاریگەرێتییە وێرانکەر و حاشا هەڵنەگرەکانی شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانی جیاوازیگەلێکی بەرچاو و هەستپێکراو لە نێوان شیعری پاش شەڕ و شیعری ڕابردوو، واتە شیعری سەردەمی ڤیکتۆریا[1] لە دوا ساڵەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمدا. شیعری مودێرنی ئینگلیزی لە بریتانیا خێرا و بەتوندی خۆی لە چوارچێوەی گێڕانەوەیی و وەسفی و ڕاڤەکاریی شیعری سەردەمی ڤیکتۆریا، ئێدوارد[2] و جۆرج[3] دەرباز کرد. بەواتایەکی تر، ڕێژەیی گەرێتیی کولتووریی بەربڵاوی شیعری پاش شەڕ، بەتایبەت شەڕی یەکەم و، ئاگاداری لە شێوەی کارکردی بابەتی نائەقڵانی و زەینی ناهۆشیار بووە هۆی ئاراستەکردن و نواندنەوەی واقیع و مرۆڤ بەشێوەی شەپۆڵی هۆشیاری[4] و پێداگری لەسەر وێنەسازیی شیعری وەکوو ئامرازی پێویستی پێوەندیی گرتنی جوانیناسانە و هەروەهاش بەکارهێنانی زۆری ئوستوورە و ئوستوورەناسی بەوێنەی پرەنسیپ و بنەواشەی نەمایی تایبەت. کەواتە، شیعری مۆدێرن شیعری لێکپچڕان و نابەردەوامێتییە، چ لە ڕووی مێژوویی و چ لە باری جوانیناسییەوە، چونکە، لە لایەکەوە، لەسەر ڕەتکردنەوەی توندی سیستەمی بەهایی و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکانی قۆناخی پێش خۆی دامەزراوە و، لە لایەکی تریشەوە، مەودای جوانیناسانەی نێوان سووژەی ڤیکتۆریایی و مرۆڤی سەردەمی مۆدێرن نەک هەر زۆرە،

1. Victorian Age (1837 - 1901).
2. Edwardian Period (1901 - 10).
3. Georgian Period (1910 - 14).
4. Stream of Consciousness.



بەڵکوو تەنانەت ئاسمان تا ڕێسمانە.

ترس و هەراسی شەڕی یەکەمی جیهانی (١٨-١٩١٤)، کە لەو ماوەیەدا بریتانیا، فەرەنسا، ئاڵمانیا و ڕووسیا هەر کامەیان تووشی چەندین خەساری گەورە و کارەسات بوون و چەندین میلیۆن مەدەنی و سەربازیان لێ کوژرا، هۆکاری سەرەکیی کزبوونی بڕوای ئایینی و فەوتان و هەرەسهێنانی یاسا و نەزمە کۆنەکانی شارستانێتی ڕۆژئاوا بوو. هەر لەم سەردەمەدا، واتە پاش شەڕی یەکەم، هونەرمەند و ئەدیبانی ڕۆژئاوا دەستیان کرد بەدەربڕینی ئەو هەستە لە خۆ نامەیەکە ئاڵۆگۆڕە دراماتیک و زەق و زۆپەکانی کولتووری مرۆیی و تەکنۆلۆژیای خەیاڵکوژ وەدیهێنابوو. هەر بەم بۆنەشەوە دوای شەڕ، کە شاعیرانێکی زۆر لەوێ کوژران، هەستی لەخۆدامان و لەخۆنامۆیی و بەتایبەت «دژەئاواتخوازی»[1] دەسەڵاتی بەسەر شیعری ئینگلیزیدا ڕاخست و، بەوتەیەکی تر، «دژەئاواتخوازی» توخمی زاڵی شیعری ئینگلیزیی پاش شەڕ لە باری فیکری و واتاییەوە پێکدێنێ؛ واتە، سەرلەبەری ئەو جیهانەی کە هەستی خەیاڵکردی مرۆڤی پێش شەڕ لەسەری ئۆقرەی گرتبوو لەناکاو وەکوو شتێکی ناواقیعانە و تەنانەت بێ کەڵک هاتە بەرچاو. سەرەڕای ئەمانەش، کەس بۆ ئەوەی بەڕاستی ڕوویدا ئامادە نەبوو و ئەمەش بەپێچەوانەی بارودۆخی شەڕی دووەمی جیهانی بوو کە ماوەیەکی زۆر پێشبینی دەکرا. بەهەرحاڵ شەڕی یەکەمی جیهانی ئەزموونێکی هەژێنەر و جەرگبڕ بوو و، هەر بەم هۆیەش. لە سەرتاسەری ئەورووپا و بەتایبەت لەناو چینی ڕۆشنبیردا ئەم بیرۆکەیە سەری هەڵدا کە بنج و بناوانی ژیاری ئەورووپا و سروشت و تەنانەت سروشتی دەستکرد و کولتووری ئەو وڵاتانەش سەرومڕ پێکەوە ڕوویان لە نەمان و لەناوچوون کردووە. ئەمەش تایبەتمەندیی سەرەکی جیهانبینی زۆربەی شاعیرانی پاش شەڕ بوو کە سەرجەم نۆرم و بەها سوننەتییەکان، بەتایبەت ئەوانەی سەردەمی ڤیکتۆریا. خرانە بەرپێداچوونەوەی بنەڕەتی و سەرلەنوێ و بەزۆری ڕووبەڕووی قەیران بوونەوە.

لە کاتێکدا کە شاعیرانی بەر لە شەڕ و سەردەمی جۆرج جۆرە نەزم و هارمۆنییەکی ساکار و سادەیان خولقاندبوو، نەوەی تازەپێگەیشتووی سەردەمی شەڕ و تەنانەت چەند شاعیرێکی بەتەمەنتریش جیهانێکی بێ پێوەندی و لێکپچڕا و نابەردەوام و

1. disillusionment.

نارێکوپێک پیشان ئەدەن و، شێوەی تایبەتی نواندنەوە لە شیعری مودێرنی ئینگلیزیدا بەدەرئەنجامی ڕاستەوخۆی شۆکی پڕ کارەسات و بەرفراوانی شەڕ ئەژمێردرێ. ڕەنگدانەوەی ئەم شۆکە زۆربەی کات لە شیعری تاڵ و پڕتیز و تەوسی شاعیرانی شەڕی جیهانی یەکەم، کە بەشاعیرانی «چێوشەقە» [1] ناسراون، بەسانایی وەدەرکەوتووە. وێڕای ئەمەش، بەکارهێنانی وێنەسازیی خەونی سامناک و مۆتەکە ئاسا و، هەروەهاش زمانی پڕ لە توندوتیژی و لەحنی بەئەنقەست بێ بەزە لەو شیعرانەدا ئامادەبوونیان هەیە، ئەو زمانەی کە ئەم جیهانەی نائومێدە پیشان دەدات لە ڕاستیدا هەمان جیهانی واقیعی نواندۆتەوە. هەڵبەت لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێ کە یەکەم جار بوو واقیعێکی هەژێنەر و ترسناک دەچووە ناخی شیعرەوە.

هۆی سەرهەڵدانی زاراوەی «شاعیرانی شەڕ» ئەوەبوو کە شەڕی یەکەمی جیهانی کۆمەڵە شیعرێکی جیاواز و کەم وێنەی خولقاند کە زۆرتر لەسەر دەستی لاوانێک بەرهەم هێنرابوون کە هەر کامەیان بەماوەی چەند ساڵ لەوەی دی لەدایک بووبوون و، لە ئاکامیشدا بەماوەی چەند مانگ و دووریی چەند مایل لە یەکتر کوژران. لە پاڵ ئەمەشدا، ئێستا هیچ شەڕێکی تر لە سەرانسەری مێژووی بریتانیادا نەیتوانیوە ئاوەها کۆمەڵە شیعرێکی تایبەت بێنێتە ئاراوە. هەر لە کاتی شەڕی یەکەمدا بوو کە شیعری ویلفرێد ئۆوێن[2] شان بەشانی بەرهەمەکانی سیگفرید سەسوون[3] گەیشتە تەشقی خۆی.

ویلفرێد ئۆوێن لە بەرهەمەکانیدا واقیع و شوێنکاتێکی نواندۆتەوە کە قەت لە سالآنی زێڕینی سەردەمی جۆرجی پێنجەمدا چاوەڕوان نەدەکرا. هەرچەند شیعرە سەرەتاییەکانی ئۆوێن لێوانلێوە لە کلێشە ڕۆمانتیکەکان، بەڵام لە ساڵی ١٩١٧ بەم لاوە، واتە ساڵێک بەر لە مەرگی، شیعری ئۆوێن ڕێگەی ڕاستەقینەی خۆی دۆزیەوە و، دەستی کرد بەنووسین بەشێوەیەکی ڕیالیستی – تەوساوی و بەزمانێکی ئاسایی، بەڵام پڕ لە وێنەسازی. ئەمەش خاڵی لێکچووی نێوان شیعری ئۆوێن و سەسوون پێکدێنێ کە لە نەخۆشخانەدا پێکەوە ئاشنابوون و بەردەوام لەسەر چۆنیەتی شیعری شەڕ باسیان

1. Poets of the trenches.
2. Wilfred Owen (1893 - 1918).
3. Siegfried Sassoon (1886 - 1967).



دەکرد. «شیرینە مردن لەپێناو وڵات» [1] شیعرێکی تاڵ و پڕ لە تیز و تەوسە کە بە لەحنێکی تەوساوی و زمانێکی ئاسایی و شێوە ڕوانینێکی ڕیالیستی و ڕوانگەیەکی ئەدەبییەوە هەوڵی داوە تایبەتمەندی و ئاکامەی سەلبی و نامرۆییەکانی شەڕ دەستنیشان بکات، شیعرگەلی «دیداری سەیر» [2]، «شینە مەرگ بۆ جوانەمەرگ» [3] و «ماڵئاوایی» [4] بەتەشقی ژیانی شیعریی ئۆوێن لە قەڵەم دەدرێن. ئەم شیعرانە لە خۆگری هەستی لەناوچوون و نەمان و ئەفسووسی دۆڕانی مرۆڤایەتییە کە لەوێ هیچ ناونیشانێک لە غەمی شەخسی لە گۆڕێدا نییە؛ ئەمەش بەشێوەیەکە کە هەستی لەخۆدامانی شەخسی بەتەواوی لە شیعرەکە هەڵئاوێردراوە و لە کۆتاییدا تراژیدیای شەڕ بۆ خوێنەر ڕوونتر دەکاتەوە.

شیعری سیگفرید سەسوون هەڵگری تەوسێکی تاڵ و زۆربەی کات تیزێکی بێ پەردەیە و لەم شیعرانەی خوارەوەدا ئەو تایبەتمەندییە دەرکەوتووە: «ژینراڵ» [5]، «وێرانکەرەکان» [6] و «پیاوی یەک پێ» [7]. سەسوون هەرچەندە دوو ڕۆمانی پڕ خوێنەری بەناوگەلی بیرەوەرییەکانی **ڕاوچیی ڕێوی**[8] و بیرەوەرییەکانی **ئەفسەرێکی هێزی زەمینی**[9] نووسی، بەڵام تا دوا ساڵەکانی ژیانی درێژەی بەنووسینی شیعر دا. بەکورتی، سەسوون بەبۆنەی ئەو شیعرانەوە ناسراوە کە دژی شەڕ نووسیونی، هەرچەندە ئەو شیعرانە ئەیانتوانی بیانوویەکی باش بن تاکوو بەتاوانی خیانەت بەنیشتمان بکوژرێ.

دوای ئاگربڕی ساڵی ١٩١٨، ڕاپەڕینی شیعریی بزاڤی ئیماژیزم[10]، واتە ئیماژخوازییان ڕەسەنایەتی وێنەی خەیاڵکرد، هۆکارێکی تری دوورکەوتنەوە لە وشەی ڕازێنەرەوەیی و ڕۆمانتیک و هەستگەرێتیی ساکار و بەکارهێنانی خوازەی مردووی

1. Dulce et Decorum est Pro patria mori.
2. Strange Meeting.
3. Anthem for Doomed Youth.
4. The Send - off.
5. The General.
6. Blighters.
7. The One - Legged Man .
8. *Memoirs of a Fox - Hunting Man (1928)* .
9. *Memoirs of an Infantry Officer (1930).*
10. Imagism.

ئەدەبی، واتە خوازەی پرتووکاو، بوو، بەو شێوەیەی لە سەردەمی جۆرجدا باوی هەبوو. ئەو بزاڤە کە لەژێر کاریگەرێتیی فیکریی تی.ئی. هولْم(1) و چاوەدێریی وردی ئیزراپاوند،(2) ئەمی لۆوێل(3)، ریچارد ئەلْدینگتۆن(4)، هیلْدا دوولیتلْ(5) و تەنانەت دی. ئیچ. لارێنس(6)یش دابوو، لەسەر ئەو تەوەرانەی خوارەوە بنیات نرابوو:

١- ئازادیی هەلْبژاردنی بابەت بەشێوەیەکی بێ سنوور و ڕەها.
٢- چوارچێوەی کێش و سەروا و بڕگەدانانی نوێ.
٣- وێنەی خەیالْکردی دژوار بەلاْم ئاشکرا.
٤- خۆ کۆکردنەوە لەسەر یەک بابەت.
٥- ڕەتکردنەوەی شیعری گەردوونی و پێداگری لەسەر تاکخوازی.
٦- شیعری دژوار و کورتکراو.

یەکەم ئەزموونی خوێندنەوەی شیعری مودێرن، بەتایبەت بەرهەمەکانی ئێلیۆت(7) و پاوند، لەوانەیە ئەو هەستە لە خوێنەردا بەجێ بێڵێ کە لە جیهانێکدا دەژی کە چما هەر جۆرە نەرم و ڕێکوپێکییەکی تێدا ون بووە. شاعیرانی مودێرنیست بەشێوەیەک زمان بەکار ئەهێنن کە ئەڵێی ڕێزمان و سینتاکسی تێدا نییە و تەنانەت زۆر بەدەگمەن کێش و سەروای کلاسیکیشی تێدا دەدۆزرێتەوە. ئەزموونی دژوار و لەهەمان کاتدا سەرسووڕهێنەری خوێندنەوەی شیعری مودێرنیستی خوێنەر دەخاتەوە بیری جەماوەرێک کە لەیەکتر نامۆ بوونەتەوە، ئەو جەماوەرەی ژیانێکی پارچە پارچە دەبەنەسەر، چونکی لە جیهانێکی پارچەپارچەکراو و بەتاڵ لە مرۆڤایەتی ئامادەبوونیان هەیە. جیهانێکی بێ مانا و بێ نۆرم و پڕ لە قین و قڕە. هەلْبەت کۆکردنەوەی سەرجەم باسەکە لەو خاڵەدا کە شیعری مودێرنیستی بەها سوننەتییەکان ڕەت دەکاتەوە هەلّە و ناتەواوە و، پێویستە ئەو ڕاستییەش بەردەوام ڕەچاو بکرێ کە شیعری مودێرنیستی خاوەن زمانێکە کە لە قەیرانی بەردەوام دایە، زمانی شیعری مودێرنیستی لە نواندنەوەی جیهانێکی بەتاڵ لە

1. T.E Hulme (1883 - 1917).
2. Ezra Pound (1885 - 1972).
3. Amy Lowell.
4. Richard Aldington.
5. Hild Doolittle.
6. D.H. Lawrence (1885 - 1930).
7. T.S. Eliot (1888 - 1965).



بەهاکان تووشی کێشە دەبێت و، هەر بەم بۆنەشەوە، شیعری مودێرنی ئینگلیزی خاوەن فۆرمێکی (لەناوچوو)ە(1). کاریگەرێتیی تەکنۆلۆژیا، سەرەڕای ئەو خالاْنەی سەرەوە، هۆکارێکی سەرەکیی دیکەی سەرهەلْدان و پەرەسەندنی فۆرمی «لەناوچوو» پێکدێنێ. کەواتە شیعری مودێرنیستی بەشێوەیەکی نوێ و ڕاچڵەکێنەر وەلاْمی ئەو پرسیارە کۆنە دەداتەوە کە فۆری بەرهەمێکی هونەری ئەبێ بە چ شێوەیەک بێت. شیعری مودێرنی ئینگلیزی، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ، زێتر لە نەریتی کلیشەیی سەردەمانی پێشوو دوورکەوتۆتەوە، هەرچەندە ئەم نەریتە تەنانەت تا دواساڵەکانی سەردەمی جۆرج هەر لە گۆڕێدا هەبوو (بەرهەمەکانی ڕۆدیارد کیپلینگ(2) نموونەی هەرە بەرچاوی وەها شیعرێکە؛ سەیر لەوەدایە کە کیپلینگ یەکەم نووسەری ئینگلیزییە کە خەلاْتی نۆبیلی ئەدەبی لە ساڵی ١٩٠٩دا پێ بەخشراوە، کەچی مۆتیفی زۆربەی شیعرەکانی پیاهەلْگوتنی سەربازە «کۆت سوور»ەکانی بریتانیایە. ئەمەش مۆتیفەیە کە لە شیعری ئۆوێن و ئیلیۆت و یەیتس(3)دا بەتوندی سەرکۆنەکراوە). لە شیعری مودێرنیستیدا، بەلاْم زۆرتر هەوڵ دراوە دژوازییەکانی سووژە و ژیانی مودێرن پیشان بدرێت و، بەشێوەیەکی گشتی ئەکرێ بوترێ کە لەم شیعرەدا شێوە و فۆری هاتوچۆ و ترافیکی قورسی شارە گەورەکان. دەنگی ترامواى ناوشار و هەروەها گڤەگڤی فڕۆکەکان دەبیندرێ و دەبیسترێ و، ئەمانە هەموو بەهۆی بەکارهێنانی وێنەسازیی جۆراوجۆرەوە بەتەواوەتی هەست پێدەکرێن؛ ئەمەش تایبەتمەندییەکە کە بۆ خوێنەری ڕۆژهەلاْتی گاز سەیر و سەمەرە بنوێنێ.

شیعری تی. ئێس. ئیلیۆت لەلایەکەوە کارەساتەکانی سەردەم و ژیانی مودێرنی لەخۆگرتووە و، لەلایەکی ترەوە، پێشنیازی چارەسەرکردنی ئەم کێشانەش ئاراستە دەکات. نەبوونی هۆشیارییەکی ناوەندی، بەرودوایی و زەمەنیی ناڕێکوپێک، شوێنگەگەلی جۆراوجۆر، پارچە پارچەبوون و کاربردی هونەرە کۆنەکانی بوتیقای کلاسیک بەشێوەیەکی تەوساوی بەتوخمە زاڵەکانی شیعری ئیلیۆت دادەنرێ. هەلْبەت پێویستە تیشک بخرێتە سەر ئەو خاڵەش کە ئیلیۆت مرۆڤێکی ئیماندارە و، لەسەر

1. decadent form.
2. Rudyard Kipling.
3. W.B. Yeats (1865 - 1939).

ئەو بڕوایەدایە کە بەمەبەستی ژیان بردنەسەر لە قۆناخی هەنووکەییدا مرۆڤ پێویستە لەوانەکانی ڕابردووی خۆی ئاگاداری قوولّی هەبێ. ئەم بیرۆکەیە، کە بەشێوەیەکی بەربلاّو و سیستماتیک لە وتارە هەرە گرنگ و بەناوبانگەکەیدا بەناوی نەریت و بەهرەی تاکەکەسی[1] درکێندراوە، بەپێی ئەو بناخەیە دامەزراوە کە هەر مرۆڤێک ئەتوانێ و ئەبێ لە ڕێگەی هۆشیاریی مێژووییەوە ڕابردووەکەی خۆی فام بکات و بەچاوێکی ڕەخنەگرانەوە بیخاتەبەر ڕەخنەکاری و پێداچوونەوە و، توخم و لایەنە بەرچاو و یاخود لاوازەکانی دەستنیشان بکات. دانیشتووانی **وێرانەخاک**[2]، بۆ نموونە، ناتوانن بەشێوەیەکی ڕەخنەگرانە ڕووبەڕووی گوتارە جۆراوجۆرەکانی ڕابردوو و ئێستەیان ببنەوە و، کەواتە، لە وێرانەخاکدا هیچ شتێ پیرۆز و مانادار نییە. شیعری ئیلیۆت هەرچەندە لە نائومێدی و گومانگەرێتییەوە سەرچاوەی گرت و لە کۆتاییدا گەیشتە ئومێد و باوەڕێکی مەسیحی، بەلاّم ئەمە لە ڕاستیدا شیعرە سەرەتاییەکانی بوو کە کۆتاییی بزاڤی ڕۆمانتیکی ڕاگەیاند؛ ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە ئیلیۆت بەشاعیری هەرە کاریگەری سەدەی بیستەم ناوبردە بکرێ. بۆچوونی دژە ڕۆمانتیکی ئیلیۆت لە یەکەم کۆمەڵە شیعریدا بەناوی **پروفراک و ڕوانینەکانی تر**[3] دەبیندرێ و ئەم تایبەتمەندییە زۆرتر لە وێرانەخاکدا وەبەرچاو دەکەوێ و، ئەم دوو بەرهەمە بەگشتی گۆڕانکاریی بنچینەیی و بەرفراوانیان بەسەر شیعری ئینگلیزیی سەدەی بیستەمدا هێنا. لەکاتێکدا کە شیعری ڕۆمانتیک لە دوا قۆناخیدا تووشی لەناوچوون و کۆنی و بێ بایەخی بووبوو و، تەنیا وێنە ساکارەکانی سروشت و یاخود مەتەڵ و قسەی نەستەقی دووبارە دەکردەوە، ئیلیۆت چەشنە وێنە سازییەکی تایبەت و نوێی لە شیعرەکانیدا بەکاردەهێنا و بەرهەمەکانی پڕن لە ئوستوورە و گەڕانەوە بۆ بەرهەمی دانەر و نووسەرانی دیکە. مەبەستی سەرەکیی شیعری ئیلیۆت نواندنەوەی کۆمەڵگای بێ بەر و درۆیینی ساڵەکانی بیستی سەدەی بیستەم بوو کە وەکوو تەپڵێکی بۆش وابوو: ڕابردووی هەبوو بەلاّم داهاتوویەکی نەبوو. کەواتە، هەر بەم هۆیەش، ئیلیۆت شیعری بەگشتی دژوارتر کردەوە و، ئەو چەمکانەی هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکردن چڕ و

1. Tradition and individual Talent.
2. *The Waste Land (1922).*
3. *Prufrock and Other Observations (1917).*



ئاڵۆزبوون: گەڕانەوەی بەردەوامی ئیلیۆت بۆ ئوستوورە مەسیحی و کلاسیکەکانی نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەلاّت و هەروەهاش بەکارهێنانی تیل نیشانی تەوساوی[1] بۆ بەرهەمی نووسەرانی دیکەی نەریتی ئەورووپی (ئەو نەریتەی بەگوێرەی قسەکانی ئیلیۆت لە هومێر ـ ەوە دەست پێدەکا و تاسەردەمی خۆی درێژەی هەیە) بۆتە هۆی ئەوەی کە شیعری ئیلیۆت زۆرتر لە شوێنە ئاکادیمیک و توێژینەوەییەکاندا بخوێنرێتەوە و شیکاری و توێکاری بکرێ.

ژیانی ئەدەبیی ویلیام باتلێر یەیتس[2] بەگشتی بەسەر چوار قۆناخدا دابەش دەکرێ کە دوو قۆناخی دوایی بایەخی زۆرتریان هەیە و بەشیعری پوختە، چ لە باری واتایی و زمانی و چ لە باری فیکرییەوە، دادەنرێ. هەرچەندە هێماخوازیی قۆناخی یەکەمی شاعیرێتیی یەیتس بەتەواوی سادە و ساکار، سوننەتی، ڕۆمانتیک و سەرەتاییە، بەلاّم یەیتس لە ئاکامدا توانی سیستەمێکی یەکگرتوو و خوازەیی لە هێما تاکەکەسییەکانی خۆی دابمەزرێنێ، کە لەنێو شیعرەکانیدا بەشێوەی مۆتیفگەلی جۆراوجۆر و بەلاّم پێوەندیدار ڕێکخراون. گۆڕانکاریی سیستەمی تاکەکەسیی هێمایی بۆ فەلسەفەیەکی شاعیرانە و تایبەت لە دوو بەرهەمی **بەرپرسیارییەکان**[3] و **قەلاّ**[4]دا دەرکەوتووە. «قووە وەحشییەکانی کوول»[5] «جەژنی ئیستری **١٩١٦**»[6] «هاتنەوەی دووەم»[7] «سەفەر بۆ بیزانس»[8] «لیدا و قوو»[9] و شیعری هەرە بەرز و پوختەی «لەنێو منداڵانی قوتابخانەدا»[10] هەر یەک بەجۆرێ پاژێکی بچووک و سەربەخۆی سیستەمی فیکری ـ خوازەیی قۆناخی هێماخوازیی پێشکەوتووی یەیتس پێکدێنێ کە بەقۆناخی مودێرنیست ـ میتافیزیکی ـ هێماخواز ناوی لێ براوە.

1. Ironical allusion.
2. William Butler Yeats (1865 - 1939).
3. *Resposibilities (1914).*
4. *The Tower (1928).*
5. Wild Swans at Coole.
6. Easer 1916.
7. The Second Coming.
8. Sailing to Byzantium.
9. Leda and the Swan.
10. Among School Children.

له شیعری سییەکانی سەدەی بیستەمدا جۆرە دوورکەوتنەوەیەک له بیرۆکە ڕاستییەکانی ئیلیۆت و پاوند دەبیندرێ و، لەم قۆناخەدا زیاتر شیعری سیاسی دەنووسرا. دابلیو. ئیچ. ئۆدن[1]، ستیفەن سپێندر[2] و لویی مەکنیس[3] و ئیشروود.[4] کە پێکەوە بەئەندامانی قوتابخانەی پیلۆن[5] دەناسرێن، دەوری کاریگەریان له ئاڵوگۆڕە ڕۆشنبیری و سیاسییەکانی پێش شەڕی دووەمی جیهانی گێڕا. لایەنگرانی ئەم شێوە شیعرە زۆرتر هۆگری سیاسەتی چەپگەرا بوون و، هەر بەم بۆنەشەوە، وا هەست دەکرا کە شیعر و زمان ڕۆڵێکی بەرچاو و کاریگەریان وەدەست هێناوەتەوە و، ئەتوانن ململانێی چینە جۆراوجۆرەکان بەرەو ئەنجامێکی باش بەرن، واتە بەرەو سوودی چینی پرۆلتاریا ڕێنوێنییان بکەن. هەرچەندە مارکسیزمەکەی ئەوان ئێستا کە بەمارکسیزمی ئۆرتۆدۆکس ناوی لێ ئەبرێ، بەڵام توانیان چەندین شیعری مەزن بەرهەم بهێنن؛ جگە لەمەش، ئەگەر له ڕوانگەیەکی ترەوە بۆ شیعری کەسێکی وەکوو ئۆدن بنواڕین، تێدەگەین یەکێ له چەمکە چەند پاتکراوەکانی ئەو شیعرە شوێنی ئازار و ڕەنجی مرۆڤ له جیهاندایە. مۆتیفی ڕەنج و ئازاری مرۆیی له شیعری «مۆزەخانەی هونەرەجوانەکان»[6] و لایەنگریکردن له سیاسەتی چەپگەرا له شیعری «سپانیای ساڵی **١٩٣٧**»[7] بەڕاشکاوی وەبەر چاو دەکەوێ.

لەلایەکی ترەوە، ڕوانگەی نیئۆ ڕۆمانتیکی دیلن تامس[8] گەڕیانێکی دیکەی شیعری ئینگلیزیی ساڵەکانی سی و چل پێکدێنێ. له ڕێگەی شیعری تامس ـ ەوە گیانێکی تازە و چەشنێکی دیکەی هێز و وێنە سازی هاتە نێو شیعری ئینگلیزییەوە. دیلن تامس له دوو کۆمەڵە شیعری **نەخشەی ئەوین**[9] و **مەرگەکان و دەرگاکان**[10]

1. W.H. Auden (1907 - 73).
2. Stephan Spender (1909 -        ).
3. Louis Macneice (1907 - 63).
4. Cristopher Isherwood.
5. Pylon School.
6. Musee des Beaux Arts.
7. Spain 1937.
8. Dylan Thomas (1914 - 53).
9. *The Map of Love (1939).*
10. *Deaths and Entrances (1946).*



وەکوو هونەرمەندێکی پسپۆڕ و شاعیرێکی بەهەست خۆی وەدەرخست و ئەمەش بەپێچەوانەی ئەو قسە ناڕاست و نائەدەبییانە بوو کە تامس ـ یان وەکوو گەنجێکی تازە پێگەیشتوو و قیژە قیژەکەر پیشان دابوو. تێمی سەرەکیی شیعری تامس یەکێتیی سەرجەم ژیان و هەروەها ڕەوتی بەردەوامی ژیان و مەرگ و ژیانی دووبارەیە، کە له ڕێگەی زمانێکی پڕ ئیماژ و ڕەوان و خەیاڵێکی بەرزەوە ئاراستەکراوە.

پاش شەڕی دووەمی جیهانی و بەتایبەت له پەنجاکاندا دەنگی ئەقڵانی و دژە ڕۆمانتیک و تەوساویی بزاڤی «جووڵە» و بەتایبەت ئەندامی چالاکی ئەو بزاڤە، واتە فیلیپ لارکین[1]، شیعری زاڵی ئەو سەردەمە پێکدێنێ؛ جگە له لارکین، کنیگزلی ئەمیس[2] و دوناڵد دەیڤی[3] ئەندامانی دیکەی بزاڤی «جووڵە»ن. شیعری لارکین، وەکوو شیعری سەرەکیی ئەو براڤە، شیعرێکی ئەقڵانییە و، پەنجە دەخاتە سەر جیهانی واقیعی ڕۆژانە و، بەشێوە ڕوانینێکی ڕەشبینانەوە و بەهەستێکی ڕۆمانتیکی له ناکاو دەمامک لەسەر دیاردە ڕۆژانەکان لادەدات.

«شیعری نوێ»[4]ی ساڵەکانی شەست دژی ڕوانگەی شارستانییانەی شاعیرانی بزاڤی «جووڵە» هەستایەوە. لەم شیعرەدا چەشنە خۆ دوورخستنەوەیەک له ڕێکوپێکی و شارستانێتی و خۆبەزلزانیی مرۆڤی مودێرن ئەبیندرێ و، بەپێچەوانەی شاعیرانی «جووڵە»، لێرەدا بەرەو لای سروشتی خاوێن هەنگاو هەڵدەگیردرێ. «شیعری نوێ»ی ئەم سەردەمە شیعرێکی بەهێز و وزەیەکە ئەیەوێ وەحشیگەری و ستەمکاریی ژیانی هاوچەرخ پیشان بدات. تێدهیوز[5]، سیلڤیا پلەت[6] و تام گان[7] بەدەنگە بەرز و تایبەتەکانی «شیعری نوێ»ی شەستەکان له قەڵەم دەدرێن. له کاتێکدا کە بزاڤی «جووڵە» گەرەکی بوو چەشنە نەزم و ڕێکوپێکییەک بدات بەشیعر، «شیعری نوێ» کە زۆرتر لەژێر سێبەری ترسێنەری چەکە کیمیاوییەکان و شەڕی ڤیەتنامدا نووسرابوو،

1. Philiph Larkin (1922 - 85).
2. Kingky Amis.
3. Donald Davie.
4. “New Poetry”.
5. Ted Hughes (1930 -99).
6. Sylvia plath (1932 - 63).
7. Tom Gunne (1932 -      ).

جۆره نابەردەوامی و داڕمان و تاریکییەکی خستە بەر دیدەی خوێنەران کە زیاتر بەتایبەتمەندیی شیعری پۆست مودێرن ناسراوە.

تۆنی هەریسۆن[1] و شیموس هینی[2] شاعیرە جیهانی و زیندووەکانی گوتاری هاوچەرخی ئەدەبی ئینگلیزی پێکدێنن. شیعری هینی بەقوولّی لەژێر کاریگەرێتیی گیروگرفتە سیاسییەکانی ئیرلەندایە و، شیعری هەریسۆن، لەلایەکی ترەوە، سەبارەت بەململانێی چینە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا و مرۆڤی نامۆی ئەو کۆمەڵگایە نووسراوە. هەروەها، جگە لەم دوو شاعیرە، کرێگ ڕەین[3] وەکوو دوادەنگی تایبەتی شیعری هاوچەرخی ئینگلیزی لە ئینگلتەرا ناوی لێ ئەبرێ کە شیعرە زۆرجار ئاماژە بۆ کراوەکەی بەناوی «مەریخییەک کارتپۆستال بۆ ماڵەوە ئەنێرێ»[4] وەکوو یەکەمین شیعری «قوتابخانەی مەریخی»ی شیعری ئینگلیزی دێتە هەژمار.

لە کۆتاییدا، ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەرە بەکورتی بۆ شیعری سەدەی بیستەمەی بریتانیا دەستەبەر دەکرێن کە هەرکامەیان لەسەر دەستی شاعیرێک و لە سەردەمی جیاجیادا هێنراونەتە ناو شیعری ئینگلیزییەوە: تاکبێژیی ناوەکی[5]، تاکبێژیی دراماتیک، شەپۆلّی هۆشیاری، دژوازیی تەوساوی،[6] پارچە پارچەبوونی ئاخاوتە و نووسینە[7]، لە پاڵ یەک دانانی توخمە ناهاوچەشنەکان[8]، شاراوەیی[9]، چەندمانایی[10]، پۆرتمانتۆیزم[11] و بەتایبەت شێوەی بەکارهێنانی نامۆی زمان وەکوو سیستەمێک لە نیشانەکان نەک وەکوو ئامرازی دەربڕین و دەرخستنی واقیع یاخود حەقیقەت.

1. Tony Harrison (1937).
2. Seamus Heaney (1939).
3. Craige Raine (1945-        ).
4. A Martian Sends a Postcard Home.
5. Interior monologue.
6. Ironical paradox.
7. Fragmentariness.
8. Juxtaposition.
9. ambiguity.
10. Plurisignation.
11. Portmanteauism.

# شیعری ئینگلیزی

# تامس هاردی (١٨٤٠-١٩٢٨)[1]

تامس هاردی لە شارۆچکەی ئاپرپاکهەمپتۆن–ی نزیک شاری دۆرچێستر لەدایک بوو. لە تەمەنی شانزدە ساڵیدا چووە بەردەستی بیناسازێکی ئەو ناوچەیە و لە ٢٢ ساڵیدا بەمەبەستی درێژەدانی کاری بیناسازی چوو بۆ لەندەن. لەم ماوەیەدا بڕوای ئایینی کز بۆوە و لە ساڵی ١٨٧٤دا رووی هێنایە نووسین. لەم ساڵە بەدواوە تا ١٨٩٦، واتە ئەو ساڵەی ڕۆمانی **جوودیی تەنها**[2] قەدەغەکرا، چەندین ڕۆمانی گرنگی بەرهەم هێنا. پاشان دەستی کرد بەنووسینی شیعر و هەشت دیوانی شیعری بڵاوکردەوە وەک: **شیعرەکانی وێسێکس** (١٨٩٨)[3]، **شیعرەکانی ڕابردوو و ئێستا**[4]. و **وشەکانی زستان** (١٩٢٨)[5]. کورتە چیرۆک و ڕۆمانەکانی هاردی بەپێی دابەشکارییەکەی خۆی بەسەر سێ پۆلدا دابەش دەکرێن: یەکەم، ڕۆمانی کەسێتی و ژینگە وەک **بەدوور لە جەماوەری توورە** (١٨٧٤)[6]، **شارەداری کەستربریج** (١٨٨٦)[7] **تێسی دوربێرڤیل** (١٨٩١)[8] **وجوودی تەنها** (١٨٩٦). ئەم بەشە زۆربەی شاکارەکانی هاردیی لە بواری ڕۆماننووسیندا لە خۆگرتووە. دووەم، ڕۆمانسەکان وەک **جووتێک چاوی شین** (١٨٧٣)[9] و **دوو کەس لە قەڵایەکدا** (١٨٨٢)[10] سێیەم، ڕۆمانی هونەرمەندی وەک **دەستی ئیتلبێرتا** (١٨٧٦)[11].

هاردی لە زۆربەی ڕۆمانەکانی و بەتایبەت لە بەشی یەکەمی بەرهەمەکانیدا خاوەن

1. Thoms Hardy (1840 - 1928).
2. *Jude the Obscure (1896).*
3. *Wessex Poems (1898).*
4. *Poems of the Past and Present (1902).*
5. *Winter Words (1928).*
6. *For From the Madding crowd (1874).*
7. *The Mayor of Casterbrige (1886).*
8. *Tess of the D'Urbervilles (1891).*
9. *A Pair of Blue Eyes (1873).*
10. *Two on a Tower (1882).*
11. *The Hand of Ethelberta (1876).*



بیرورِا و ڕوانگەی سروشتی خوازانەیە و[1]، هەمان شوێنی لە ڕۆمانی ئینگلیزیدا بۆ خۆی دەستەبەر کردووە کە زۆلا لە ڕۆمانی فەرەنسیدا هەیەتی. نموونەی بەرچاوی ئەم بەرهەمانە دوارۆمانی هاردییە بەناوی **جوودی تەنها**، کە بەوردی چۆتە ناخی ژیانی چینی خوارو و هەژاری کۆمەڵگاوە و، بەو شێوەیەی تایبەتمەندیی ڕۆمانی پاش خوازەی ئاوێنەییە[2]، هەموو قوژبنە تاریکەکانی ئەو چەشنە ژیانەی لەباری فیزیکی و دەروونییەوە بەرجەستە کردۆتەوە. هاردی، لەلایەکی ترەوە، لە شیعردا بەردەوام خەریکی ئەزموونی فۆرم و تەکنیک و کێشە جۆراوجۆرەکان بوو و، دیدگای ڕەشبینانەی ئامادە لە ڕۆمانەکانیدا لە هەندێ شیعریشیدا ڕەنگی داوەتەوە.

## سەیرەی تاریکی

پاڵم دا بە دەروازەی بێشەیەکەوە
کاتێ شەونم مۆتەیەکی خۆڵەمێشی بوو؛
دوردی زستان
چاوی کەم سۆمای ڕۆژی بەتەنیا خست و پەشێو.
پڕوپۆی تێک ئاڵاو (ی بێ گەڵا) سنگی ئاسمانی دڕیبوو،
بەوێنەی ژێکانی عوودێکی شکاو؛
ئەو ئادەمیزادانەش لەم نزیکانەدا سەقامیان گرتبوو،
بەدوای ئاگری خانووەکەیاندا دەگەڕان.

ترۆپکە بڵندەکانی ئەم سەر زەوینە
دەتگوت لاشەی ڕاخراوی سەدەیە و بەجێماوە،
ئاسمانی هەوراوی ژوورەکەی داپۆشیبوو،
«با»ش شینی مەرگی بوو.

1. Naturalistic.
2. The metaphore of the mirror.

هەناسەی لە مێژینەی لەدایکبوون
ڕەنگی وشکی و سەختیی لێ نیشتبوو،
هەموو گیانی سەرزەوییش بێ تاقەت بوو،
بەوێنەی من:

## The Darkling Thrush

I leant upon a copice gate
When Frost was spectre - gray,
And Winter's dregs made desolate
The weakening eye of day.
The tangled bine stems scored the sky
Like strings of broken lyres,
And all mankind that haunted nigh
Had sought their household fires.

The land’s sharp features seemed to be
The Century’s corpse outleant,
His crypt the cloudy canopy,
The wind his death - lament.
The ancient pulse of germ and birth
Was shrunken hard and dry,
And every spirit upon earth
Seemed fervourless as I.

لە پڕ دەنگێک بەسەر سەرمەوە و
لەنێو تووڵە ڕووتەکانەوە هەستا.
دەنگی سترانێکی پڕ بەدڵ و شادییەکی بێ سنوور بوو،
سەیرەیەکی سستی پیری لاوازی بچووک،
بە پەڕوپۆی ئاڵۆز و گژەوە،
ئەم چەشنەی هەڵبژاردبوو بۆ دەربازکردنی ڕۆحی خۆی و
پەڕینەوە لە تاریکایی بەرەبەرە.
لێرە و لەوێ، لەسەر شتە زەوینییەکان،



هۆیەکی بچووکی سترانبێژی دیاربوو،
سترانێ بەم چریکە پڕ شۆرەوە،
کە من پێم وابوو،
لە هەوای شەوە خۆشە شادەکەیدا ئومێدێکی پیرۆز دەلەرزی،
ئەو ئومێدەی ئەو دەیناسێ و،
من لێی بێ ئاگام بووم.

At once a voice arose among
The bleak twigs overhead
In a full - hearted evensong
Of joy illimited;
An aged thrush, frail, gaunt, and small,
In blast - beruffled plume,
Had chosen thus to fling his soul
Upon the growing gloom.

So little cause for carolings
Of such ecstatic sound
Was written on terrestrial things
Afar or nigh around,
That I could think there trembled through
His happy good - night air
Some blessed Hope, where of he knew
And I was unaware.

## ئەو پیاوەی کوشتی

من و ئەو گەر لە میوانخانەیەکی کۆن و بچووکدا
یەکترمان بدیبا،
دائەنیشتین و،
چەند پێکێکمان پێکەوە دەخواردەوە،

بەڵام چونکی هەردووکمان سەربازی ئامادەی شەڕ بووین،

زەق زەق لەیەکترمان ڕوانی و،
من تەقەم لێ کرد، ئەویش لە من،
دەستبەجێ کوشتم.

بە گوللەیەک کوشتم،
چونکی دژمنم بوو،
هەر ئاوەها، دڵنیابووم کە دژمنمە،
ئەمەش خۆ زۆر ڕوونە،

گەرچی ڕەنگە پێی وا بووبێ، وەک من لە خۆڕا،
بچێتە ڕیزی سوپاوە،
چونکی بێکار بوو – کەل و پەلەکەی فرۆشتبوو –
هیچ هۆیەکی تریشی نەبوو.

## The Man He Killed

Had he and I but met
By some old ancient inn,
We should have sat us down to wet
Right many a nipperkin!

But ranged as infantry,
And staring face to face,
I shot at him as he at me,
And killed him in his place.

I shot him dead because
Because he was my foe,
Just so: my foe of course he was;
That's clear enough; although

He thought he'd list, perhaps,
Off - hand-like - just as I -



Was out of work - had sold his traps -
No other reason why.

وایە، شەڕ چەندە سەیر و سەمەرەیە!
برادەرێک بەگوللەیەک ئەکوژی،
کەچی گەر لە بارێکدا بتدیبایە،
دەکرا میوانی کەی،
یان دەتتوانی بەدراوێک یارمەتی بدەی.

Yes; quaint and curious war is!
You shoot a fellow down
You’d treat, if met where any bar is,
Or help to half - a - crown.

# ئەی. ئێ. هۆسمەن (١٨٥٩-١٩٣٦)[1]

ئاڵفرێد ئێدوارد هۆسمەن لە شارۆچکەی فۆکبێری سەر بە وۆرسێستشێر لە دایک بوو. دوای تەواوکردنی قۆناخی خوێندنی سەرەتایی، چووە زانکۆی ئاکسفۆرد و لەوێ زمانە کلاسیکەکان و فەلسەفەی هەڵبژارد. پاشان، وەکوو کارمەندێکی ئاسایی لە نووسینگەیەکدا لە لەندەن دەستی کرد بە کارکردن و لەم ماوەیەدا بەرهەمەکانی **ئاڤید**،[2] **جوڤێناڵ**[3] و چەند نووسەری کلاسیکی تری بەوردی خوێندەوە. لە ساڵی ١٨٩٢ لە یونیڤێریستی کالیج[4]-ی لەندەندا وانەی لاتینی دەگوتەوە و، لە ساڵی ١٩١١ بەم لاوە تا کاتی مەرگی مامۆستای زمانی لاتینی زانکۆی کەمبریج بوو. «ناو و سروشتی شیعر»[5] یەکێ لە وتارە بەنرخەکانی هۆسمەن-ە، کە ساڵی ١٩٣٣ لە زانکۆ ئاراستەی کرد و تێیدا تیشکی خستۆتە سەر هەندێ خاڵی گرنگ سەبارەت بە ڕەوتی داهێنانی شیعری.

**کوڕە لادێیەکی شرۆپشێر**[6] کە پێکهاتووە لە ٦٣ شیعری نۆستالژیک و زۆرتر کورت، وەکوو شاکاری شیعری هۆسمەن ئەژمێردرێ. منی شیعری ئەم کۆمەڵە شیعرە، کە زۆرتر لەسەر چامە و باڵەدە کۆنە ئینگلیزییەکان دامەزراوە، گەنجێکی ناوچەی شرۆپشێرە. تێمی سەرەکی و دڵخوازی هۆسمەن ژیانی کورت و لە ڕاستیدا تراژیدیای ژیانی گەنجەکانی لادێیە، کە پێویستە لەم ماوەیەدا لەناو زەویوزار و کێڵگەکاندا کار بکەن. بەگوێرەی ئەم شیعرانە، سروشت جوانە، بەڵام بەرامبەر بە ئازاری مرۆیی بێ هەستە و کەمتەرخەم. هۆسمەن پێی وایە کە کاتێ دەتوانین و ماوەمان هەیە پێویستە لە سروشت تام و چێژ وەربگرین.

1. Alferd Edward Housman (1859 - 1936).
2. Ovid (43BC - AD 14).
3. Juvenal (c.60- c. 136).
4. University College.
5. *The Name and Nature of Poetry (1933).*
6. *A Shorpshire Lad (1896).*



## خۆشەویستترین درەخت

ئێستێ بلاڵووک خۆشەویستترین درەختە،
بە لق و پۆیدا شۆڕبۆتەوە ڕیزی شکۆفە،
لەسەر ڕێی جەنگەڵ ڕاوەستاوە،
جلی سپیی جێژنی پاکی لەبەر کراوە.

ئێستێ لەم شەست و دە ساڵەی تەمەن
بیستی ڕۆیشتووە و نایەتەوە لای تەن،
گەر لە حەفتا بەهار بیستی لابەرین،
تەنیا پەنجایە کە بۆی دەنوارین.

گەر بمەوێ سەیری لقە شکۆفە پۆشەکان کەم،
پەنجا بەهار ماوەیەکە، بەڕاستی زۆر کەم،
کەواتە بەرەو جەنگەڵ دەچمەوە
تا دار بلاڵووکی بەفرئاژن ببینمەوە.

## Loveliest of Trees

Loveliest of trees, the cherry now
Is hung with bloom along the bough,
And stands about the woodland ride
Wearing white for Eastertide.

Now, of my threescore years and ten,
Twenty will not come again,
And take from seventy springs a score,
It only leaves me fifty more.

And since to look at things in bloom
Fifty springs are little room,
About the woodlands I will go
To see the cherry hung with snow.

## که بیست و یەک ساڵان بووم

که بیست و یەک ساڵان بوو تەمەنم،
پیرێکی زانا ئەمەی پێ گوتم:
«تاج و دراوان بەخەڵکی بدەی
بەڵام دەستی خۆت لە دڵ بەرنەدەی،
مرواری و یاقووت با بڕوا، بڕوا،
بەڵام خەیاڵت با بێت و بڕوا.»
ئەو کات تەمەنم بیست و یەک ساڵ بوو،
قسە لەگەڵ من یەکجار بەتاڵ بوو،

که پێم نا بیست و یەک ساڵانەوە،
ئەمەم لێی بیست هەم دیسانەوە:
«هەرچەندە لە سنگ دڵ بێتە دەرێ،
هەرگیزاو هەزگیز بێهوودە نادرێ،
ئەمەیان بە ئاهی زۆرەوە دەکرێ،
بۆ تۆبەی بێ بڕانەوە هەڕاج ئەکرێ.»
ئێستێ کە بیست و دوو ساڵانم،
ڕاستە، ڕاستە، ئەمە ئەزانم.

## When I Was One - and - Twenty

When I was one - and - twenty
I heard a wise man say,
“Give crowns and pounds and guineas
But not your heart away;
Give pearls away and rubies
But keep your fancy free.”
But I was one - and - twenty,
No use to talk to me.



When I was one - and - twenty
I heard him say again,
“The heart out of the bosom
Was never given in vain;
‘Tis paid with sighs a plenty
And sold for endless rue.”
And I am two - and - twenty,
And oh, ‘tis true,’tis true.

## ئەستێرەکان

ئەستێرەکانم بینیوە کە دەکەونە خوارێ،
بەڵام کاتێ دائەکەون و ئەمرن،
لە بەستێنی ئاسمانی ئەستێراویدا
تەنانەت ئەستێرەیەکیش ون نابێ.

ئەوەی ناوی ڕەنجی لێ نراوە
ناتوانێ تاوانی یەکەم بسڕێتەوە؛
زەریا هەرچەند بارانیشی تێ بباری،
هێشتا هەر سوێرە.

## STARS

Stars, I have seen them fall,
But when they drop and die,
No star is lost at all
From all the star - sown sky.

The toil of all that be
Helps not the primal fault;
It rains into the see,
And still the sea is salt.

# سیگفرید سەسوون (١٩٦٧ - ١٨٨٦)[1]

سیگفرید سەسوون لە دوو کۆلیژی زانکۆی کەمبریج دەستی کرد بەخوێندن و، لە تافی لاوێتیدا، بەهۆی پارەی زۆری بنەماڵە جوولەکەکەیەوە، ژیانێکی خۆشی ڕادەبوارد، بەڵام، ساڵی ١٩١٤ خۆی لە گەرمەی شەڕی جیهانیی یەکەمدا بینییەوە و، هەستی خۆی بەرامبەر بەم ڕووداوە لە بەشی یەکەمی ژیاننامەکەی خۆیدا بەناوی **بیرەوەرییەکانی ڕاوچیی ڕێوی** (١٩٢٨)[2] دەربڕیوە. بیروبڕوای دژە شەڕ و سەرکۆنەکردنی سیاسەتمەداران مۆتیفی سەرەکیی شیعری ئەم دەورەیە پێکدێنێ. سەسوون لە نەخۆشخانەدا لەگەڵ ویلفرێد ئۆوێن[3] ئاشنابوو و، دەوری گرنگی لە پێشکەوتنی شیعری ئۆوێن دا گێڕا. شیعرەکانی ئەم ماوەیە بریتین لە **ڕاوچیی کۆن** (١٩١٧)[4] و **دژە هێرش** (١٩١٨)[5]. دواتر چەندین کۆمەڵە شیعری بڵاوکردەوە و نێوبانگێکی زۆری دەرکرد.

سەسوون لەژێر کاریگەرێتیی نەریتی فیکری و ئەدەبیی جۆرج هێربرت[6] و هینری ڤۆگن[7] دایە و، لە بەرهەمەکانی ئەم دەورەیەدا گرنگیی زۆری داوەتە پێشکەوتنی مرۆڤ لە باری ڕۆحانییەوە. سەسوون، نەک هەر وەکوو شاعیر، بەڵکوو بە پەخشاننووسێکی کارامەش دادەنرێ. لە ساڵی ١٩٤٨دا ژیاننامەی جۆرج مێریردیت[8]-ی بڵاوکردەوە، کە کتێبێکی مشتومڕ سازکەر بوو؛ هەروەهاش، پاش مەرگی لە ساڵی ١٩٦٧دا، بیرەوەرییەکانی ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٢٠ و ١٩٢٢ و هەروەها نێوان ١٩١٥ و ١٩١٨ بڵاوکرایەوە.

1. Siegfried Sassoon (1886 - 1967).
2. *Memoirs of a Fox - Hunting Man (1928).*
3. Wilfere Owen (1893 - 1918).
4. *The Old Huntsman (1917).*
5. *Counter - Attack (1918).*
6. George Herbert (1593 - 1633).
7. Henry Vaughan (1921 - 95).
8. George Meredith (1828 - 1909).



## «ئەوان»

قەشەی باوک پێمان ئەڵێ: «کە کوڕەکان ئەگەڕێنەوە،
وەک جاری جاران نابن، چونکە لەبەر هۆیەکی پیرۆز جەنگیان کردووە:
دوایین پەلاماریان بردە سەر دژمنانی مەسیح.
خوێنی هاوڕێکانیان مافی تازەی وەدەست هێناوە
تاکوو نەوەیەکی پڕ لە شانازی پەروەردە بکەن،
ئەوان پەنجەیان خستۆتە پەنجەی مەرگ و، بوێرانە ڕووبەڕووی بوونەتەوە».

کوڕان وەڵامیان دایەوە: «ڕاستە، کەسمان وەک جاری جاران نین،
جۆرج هەردوو قاچی لە دەست داوە؛ بیل - یش بەردئاسا کوێر بووە،
جیم-ی هەژاریش گوللەیەک سییەکانی سمیوە و، خەریکە ئەمرێ؛
بێرت -یش بە سفلیسەوە ئەتلێتەوە:
کەس نادۆزیتەوە لە شەڕ هاتبێتەوە و تووشی گۆڕان نەبووبێ».
قەشەی باوکیش وتی: «ڕۆڵە، کاری خوا سەیر و سەمەرەیە!»

## “They”

The Bishop tells us: “When the boys come back
They will not be the same; for they’ll have fought
In a just cause: they lead the last attack
On Anti - Christ; their comrades’ blood has bought
New right to breed an honourable race,
They have challenged Death and dared him face to face.”

“We’re none of us the same!”; the boys reply.
“For George lost both his legs; and Bill's stone blind;
Poor Jim’s shot through the lungs and like to die;
And Bert's gone syphilitic: you'll not find
A chap who’s served that hasn't found *some* change.”
And the Bishop said: “The ways of God are strange!”

# ویلفرێد ئۆوێن (١٨٩٣ - ١٩١٨)[1]

ویلفرێد ئۆوێن زۆرتر بەهۆی ئەو شیعرانەوە ناسراوە کە دژی شەڕ و بارودۆخە سامناکەکەی و ئاکامە سەلبییەکانی نووسیونی. ساڵی ١٩١٦ چووە ڕیزی سوپای بریتانیاوە و، لە چوار مانگی یەکەمی ساڵی ١٩١٧دا وەکوو ئەفسەرێک، بەشداری لە شەڕی سۆمدا کرد. پاشان بەهۆی شۆکی تۆپەوە لە ڕیزی یەکەمی شەڕ دوورکرایەوە و بۆ نەخۆشخانەی ئێدینبورگ ڕەوانەکرا. لەوێ لەگەڵ سیگفرید سەسوون[2] ئاشنابوو و، ئەم دۆستایەتییەش هاندەرێکی سەرەکی بۆ ئۆوێن بوو تاکوو زۆرتر لە جاران پێداگری لەسەر نووسینی شیعری دژە شەڕ بکات. هەروەک ئەیگێڕنەوە ئەو شەوانەی لە نەخۆشخانەدا بوو، بەئێش و ئازارەوە خەوی لێ ئەکەوت و، ئەمەش دەرئەنجامی ئەو شۆکە بوو کە لە ڕیزی یەکەمی سوپادا دووچاری بووبوو. هەر لە ماوەیەدا چەندین شیعری بەرزی نووسی، کە شارەزایەتیی ئۆوێن لە بواری کێش و سەروادا پیشان دەدەن. لە سەردەمی ژیانیدا تەنیا پێنج شیعری چاپکرا و، یەک هەفتە بەر لە ئاگربڕی شەڕی جیهانیی یەکەم کوژرا.

«ڕیالیزمی لێڵ»[3]، مامۆستایەتی لە هونەرە جۆراوجۆرە گوتەییەکاندا و هەروەها نواندنەوەی ئەزموونی ڕاستەقینەی شەڕ بەتێکڕای خەون و واقیعەوە بە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی شیعری ئۆوێن ئەژمێردرێ. تراژیدیای کوژرانی گەنجەکانی سەردەمی شەڕی جیهانیی یەکەم بە مۆتیفی بەرچاوی شیعرەکانی دادەنرێ؛ ئەمەش تا ئەو ڕادەیەیە کە بە«شاعیری چێوشەقە»ش ناوزەد کراوە. شیعرە بەنێوبانگەکانی بریتین لە «شیرینە مردن لەپێناو وڵات»[4]، «شینە مەرگ بۆ جوانەمەرگ»[5]، «دیداری سەیر»[6] و «ناتوانکراو»[7].

1. Wilfred Owen (1893 - 1918)
2. Siegfried Sassoon (1886 - 1967).
3. Bleak Realism
4. Dulce et Decorum est pro patria mori.
5. Anthem for Doomed Youth.
6. Strange Meeting
7. Disabled.



## مەرگەشین بۆ جوانەمەرگ

ئەمانە کە وەک مەڕومالآت ئەمرن سروودی ماڵئاواییان بۆ چییە؟
تووڕەیی دێو ئاسای تفەنگەکان بەسە.
تەنیا تەقەی پەیتا پەیتای تفەنگەکان
ئەتوانێ پاڕانەوە بەپەلەکانیان داپۆشێ.
ئێستێ ئەمانە شیاوی گاڵتە پێکردن نین، نە سکاڵا و نە زەنگی کەڵێسە،
هیچ دەنگێکی ماتەمینیان ناوێ، جگە لە کۆرسی ئازیەتبار.
کۆرسی شێت و قیژە قیژکەری قاوغەکان بەسە؛
شەیپوورەکان لە پەرستگە غەمبارەکانەوە بانگیان دەکەن.

کامە شەم بۆ هەڵکردن تاکوو هەموویان هان بدات؛
بریسکە پیرۆزەکانی ماڵئاوایی
نەک لە دەستی کوڕاندا، بەڵکوو لە چاویاندا ئەدرەوشێتەوە.
ڕەنگ زەردیی ڕوخساری کیژۆڵەکان ئەبێتە ڕووکەشی تابووتەکانیان؛
گوڵەکان هەستناسکیی مێشکە بەتاقەتەکانە.
تاریک و لێڵی هەر ئێوارەیەکی هێوریش سەرانسەر داپۆشینی شەوەزەنگە.

## Anthem for Doomed Youth

What passing - bells for these who die as cattle?
- Only the monstrous anger of the guns.
Only the stuttering rifles' rapid rattle
Can patter out their hasty orisons.
No mockeries now for them; no prayers nor bells;
Nor any voice of mourning save the choirs, -
The shrill, demented choirs of wailing shells;
And bugles calling for them from sad shires.

What candles may be held to speed them all?
Not in the hands of boys but in their eyes

Shall shine the holy glimmers of goodbyes.
The pallor of girls' brows shall be their pall;
Their flowers the tendeness of patient minds,
And each slow dusk a drawing - down of blinds.

## شیرینە مردن لە پێناو وڵات

کۆم و کوورِ، بەوێنەی سواڵکەرە پیرەکانی ژێربار،
ئەژنۆ چەماوە، کۆخە کۆخمان بوو وەکوو پیرەژنانی ناحەز،
بەدەم نفرینەوە؛ بەنێو قورِ و لیتەدا دەڕۆیشتین؛
کە تیشکی مونەوەر کوژرایەوە تێکڕا هەستاینە سەرپێ و
کێشە کێش کەوتینە ڕێ بەرەو دوورە دەست، بەرەو جێگایەک بۆ حەسانەوە
هەموو بەدەم خەوەوە هەنگاویان هەڵدەگرت، زۆربەیان قۆنەرەکانیان لێ بەجێمابوو.
خوێنیان لێ دەچۆڕا و ڕێیان دەپێوا.
هەموو شەل، هەموو کوێر، ئەڕۆیشتن،
ماندوێتی وەکوو مەستی لێ کردبووین؛
هێندە کەڕ و کاس بووین
تەنانەت فیکەی فیشەکی پێنج نۆشمان نەدەبیست کە دەکەوێتە ئەملا و ئەولامان.

کیمیاوییە، کیمیاوییە، کوڕینە، خێراکەن! – لەگرم و قالّی ئەو سەرلێشێواوییەدا
ماسکە نالەبارەکانمان لەسەر نا، بە پەلە،
بەڵام لەو هات و هاوارەدا، یەکێکمان لێ بەجێمابوو،
بەوێنەی پیاوی نێو ئاگر و دووکەڵ ئەتلایەوە...
لێڵ، لەپشت شووشەی تەماوی و گەواڵە تیشکێکی سەوزەوە،
وەک بلێیی لە ژێر زەریای سەوزدا،
بینیم کە ڕۆچوو.



## Dulce Et Decorum Est

Bent double, like old beggars under sacks,
Knich - kneed, coughing like hags, we cursed through sludge,
Till on the haunting flares we turned our backs
And towards our distant rest began to trudge.
Men marched asleep. Many had lost their boots
But limped on, blood - shod. All went lame; all blind;
Drunk with fatigue; deaf even to the hoots
Of tired, outstripped Five - Nines that dropped behind.

Gas! GAS! Quick, boys! - An ecstasy of fumbling,
Fitting the clumsy helmets just in time;
But someone still was yelling out and stumbling,
And flound'ring like a man in fire or lime…
Dim, through the misty panes and thick green light,
As under a green sea, I saw him drowning.

In all my dreams, before my helpless sight,
He plunges at me, guttering, choking, drowning.

لە هەموو خەونەکانما ، لەبەرچاوە بێ دەسەڵاتەکانما ،
ئەبینیم کە پەلەقاژێ ئەکا ، هەنسک ئەدا و هەناسە سوار و ڕۆئەچێ.
لە خەونێکی خنکێنەردا ، تۆش ئەگەر دوای ئەو واگۆنەی ئەکەوتی
کە ئەومان تێ فڕێدا و ،
ئەو چاوە سپیانەشت ئەدی کە لە ڕوخساری دا و
لەتاو ئێش و ژان هەڵدەگەڕانەوە ،
ئەو ملە لارەی، ڕووڕەش لە گوناه وەک شەیتان؛
ئەگەر دەتبینی، لە هەر جووڵەیەکدا،
چلۆن خوێن، ولّمە ولّمە ، لە سییە دارزیوەکانییەوە دەڕژایە دەرێ،
ناخۆش وەکوو شیرپەنجە ، تاڵ وەکوو ڕشانەوەی لیخن،
زامی ناسۆر لەسەر زمانی بێ گوناه

هاوڕێم، تۆش بەم هەموو تام و لامەوە
لای ئەو منداڵانەی تامەزرۆی شکۆیەکی بێ ئاکامن
ئەو درۆ کۆنەت قەت دووپات نەدەکردەوە:
«شیرینە مردن لە پێناو وڵات».

If in some smothering dreams you too could pace
Behind the wagon that we flung him in,
And watch the white eyes writhing in his face,
His hanging face, like a devil's sick of sin;
If you could hear, at every jolt, the blood
Come gargling from the froth - corrupted lungs,
Obscene as cancer, bitter as the cud
Of vile, incurable sores on innocent tongues, -
My friend, you would not tell with such high zest
To Children ardent for some desperate glory,
The old Lie: Dulce et decorum est
Pro patria mori.



# ویلیام باتلێریەیتس (١٨٦٥ - ١٩٣٩)[1]

ویلیام باتلێریەیتس ساڵی ١٨٦٥ لە شاری دابلین-ی ئیرلەندا چاوی بەژیان هەڵێنا. سەرەتا لە قوتابخانەی هونەری[2] ئەو شارەدا وەکوو قوتابیی بەشی شێوەکاری دەستی کرد بەخوێندن و، پاش ماوەیەک ئەویی بەجێ هێشت و ڕووی هێنایە شیعر و ئەدەب. لە تافی لاوێتیدا هاتوچۆی یانەی سەروازانەکان[3]ی دەکرد، بەڵام خێرا خۆی لەو جۆرە شیعرە پارناسییە دەرباز کرد و دەستی کرد بەخوێندنەوە و لێکۆڵینەوە دەربارەی نەتەوەکەی و ڕەگەز و کولتوور و ئەفسانەکانی. **سەرگەردانیی ئۆیسین** (١٨٨٩)[4]، وەکوو یەکەمین دیوانە شیعری گرنگی یەیتس ناوی لێ ئەبرێ، کە لە شیعرێکی درێژ و گێڕانەوەیی لەسەر ئەفسانەیەکی ئیرلەندی و چەند شیعری تر پێکهاتووە. ساڵی ١٨٩٦ چووە ڕیزی سوپای ڕاپەڕینەوە و وەکوو پێشڕەوی بزاڤی ژیانەوەی ئیرلەندا و بەهاوکاریی خاتوون گرێگۆری[5] تیاتری ئەدەبیی ئیرلەندی[6]ی پێکهێنا، کە دواتر ناوەکەی گۆڕا و بوو بە ئەبی تیاتر[7]. لەم ماوەیە بەدوا هونەر، هەستی بەهێزی نیشتمانپەرستی و لێکۆڵینەوەی زانستە ڕەمزاوی و ناوەکییەکان تێکرا تێمی ناوەندی سەرەکیی بەرهەمەکانی پێک ئەهێنن. لە ساڵی ١٨٩٢دا شانۆی **کۆنتیس کاتلین**[8]ی لە دابلین نوێندرا، کە بە یەکێ لە شانۆنامە سەرەکییەکانی دادەنرێ. عەشقی بێ کۆتایی یەیتس بۆ مادگان،[9] کە ئافرەتێکی جوان و شۆڕشگێڕ بوو، بێ ئاکام مایەوە و، ئەمەش یەکێکی دیکە لە مۆتیفەکانی شیعری پێکدێنێ. یەیتس کە سەرەتا وەکوو دوا شاعیری مەزنی ڕۆمانتیکی دادەنرا، بەرهەمە گرنگەکانی لە قۆناخی سێیەم و چوارەمی

1. William Butler Yeats (1865 - 1939).
2. School of Art.
3. Rhymers Club.
4. *The Wandering of Oisin (1889).*
5. Lady Gregory (1852 - 1932).
6. Irish Literary Theater.
7. Abbey Theater.
8. *The Countess Cathleen (1892).*
9. Maude Gonne.

ژیانی ئەدەبیی خۆیدا خولڵقاند، ئەو قۆناخەی کە ڕەنگ و بۆنی مۆدێرنیزم، **هێماخوازی**[1] و میتافیزیکیان پێوە دیارە. لە ساڵی **١٩٢٢** تا **١٩٢٨** سێناتۆری حکومەتی ئازادی ئیرلەند[2] بوو و، ساڵی **١٩٢٣** **خەڵاتی** نۆبێلی ئەدەبی پێ بەخشرا.

یەیتس خاوەن چەندین دیوانە شیعر و شانۆنامە و لێکۆڵینەوە دەربارەی ڕەگەز و شارستانێتی و ئەفسانەکانی ئیرلەندایە و بەرهەمە سەرەکییەکانی بریتین لە: **تیشکی سێلتی** (١٨٩٣)[3] دەربارەی شارستانێتی سێلتی، کە لە کۆمەڵە چیرۆکێک پێکهاتووە و باسی بڕوای مرۆڤی ئیرلەندی بە سیحر و ڕۆح و ئەفسانە دەکات. **بای نێوان زەلەکان** (١٨٩٩)[4] چەندین شیعری بزوێنەر و قووڵی لە خۆگرتووە. **ڕوانینێک** (١٩٢٥)[5] **قەڵا** (١٩٢٩)[6]، **مانگی تەواوی مارس** (١٩٣٥)[7] و **شیعری مودێرن** (١٩٣٦)[8] بەپێشنیاری زانکۆی ئاکسفورد بە بەرهەمە سەرەکییەکانی یەیتس دادەنرێن.

1. Symbolism.
2. Irish Free State.
3. *The Celtic Twilight (1893).*
4. *The Wind among the Reeds. (1899).*
5. *A Vison (1925).*
6. *Tower (1929).*
7. *A Full Moon in March (1935).*
8. *The Oxford Book of Modern Verse (1936).*



## سەفەر بۆ بیزانس

١

هیچ وڵاتێک بۆ پیرە پیاوان نییە.
گەنجەکان دەست لەناو دەست، باڵندەکان بەدرەختەوە،
– جیلی سەرەمەرگ – لە گۆرانی دان،
ماسییە سامۆنەکان، زەریاکانی پڕ لە ماسیی خاڵ خاڵ، قەوزە،
هەموو لە سەرانسەری هاویندا ستایشی ئەوە ئەکەن
کە دێتە دی، لە دایک ئەبێ، یاخود ئەمرێ.
ئەمانە کە ئەم مووزیکە هەستئاسایە داگیری کردوون
کەڵەپیاوانی ئاوەزی هەتا هەتاییان لەبیر چۆتەوە.

٢

مرۆڤی بەساڵاچوو هیچ نییە جگە لە پارچە زبڵێک،
قاتێکی شڕ لەسەر گۆچانێک،
مەگەر ئەوەی ڕۆح بێتە چەپڵە و گۆرانی بڵێ،
بەرزتر بیڵێتەوە، بۆ درزەکانی ناو جلە ناهەتاییەکەی،
گەرچی ئەم گۆرانییە ناچێتە نێو هیچ قوتابخانەیەکەوە و،
هەر تەنیا یادمانی شکۆکەی خۆی ئەخوێنێتەوە،
کەواتە، زەریاکانم پێواوە و هاتووم
بۆ شارە پیرۆزەکەی بیزانس.

## Sailing to Byzantium

1

That is no country for old men. The young
In one another's arms, birds on the trees
Those dying generation - at their song,
The salmon - falls, the mackerel - crowded seas,

Fish, flesh, or fowl, commend all summer long
Whatever is begotten, born, and dies.
Caught in that sensual music all neglect
Monuments of unageing intellect.

2

An aged man is but a paltry thing,
A tattered coat upon a stick, unless
Soul clap its hands and sing, and louder sing
For every tatter in its mortal dress,
Nor is there singing school but studying
Monuments of its own magnificence;
And therefore I have sailed the seas and come
To the holy city of Byzantium.

٣

ئەی زانایانی نێو ئاگری پیرۆزی خوا
کە لە موزایکە دێرینەکانی دیوارەکاندا جێ نشینن.
ئەی پیاوە پیرۆزەکانی سەردەمەکان،
لەنێو ئاگری پیرۆزەوە وەرن و،
ببنە مامۆستای سترانبێژی ڕۆحی من.
دڵم بەرەو لای خۆتان بەرن، ئەو دڵەی نەخۆشی ئاواتە و،
بە حەیوانێکی سەرەمەرگەوە بەستراوەتەوە کە نازانێ چییە و چلۆنە،
کۆم کەنەوە و بمهاوێژنە نێو ئەو هونەرمەندییە نەمر و تاهەتاییەوە.

٤

کە لە سروشت دابڕام،
ئەم شێوە جەستەییەم لە هیچ شتێکی سروشتی تر وەرناگرمەوە،
جگە لەو ڕوخسارەی کە ئاسنگەرە یۆنانییەکان
لە زێڕی چەکوش خواردوو چێیان کرد
تاکوو ئەمپراتووری خەواڵوو بێدار کەنەوە؛
یان لەسەر لقێکی زێڕین دادەنیشم و



بۆ لۆردوو خاتوونەکانی بیزانس گۆرانی ئەڵێمەوە،
گۆرانیی ئەوەی ڕابورد و ئەوەی ڕادەبرێ و، یاخود دێت.

3

O sages standing in God's holy fire
As in the gold mosaic of a wall,
Come from the holy fire, perne in a gyre,
And be the singing - masters of my soul.
Consume my heart away; sick with desire
And fastened to a dying animal
It knows not what it is; and gather me
Into the artifice of eternity.

4

Once out of nature I shall never take
My bodily form from any natural thing,
But such a form as Grecian goldsmiths make
Of hammered gold and gold enamelling
To keep a drowsy Emperor awake;
Or set upon a golden bough to sing
To lords and ladies of Byzantium
Of what is past, or passing, or to come.

## لیداو قوو

زرمەیەک لە ناکاو: باڵەمەزنەکان بەسەر سەری کچە پەرێشانەکەوە
بەردەوام لە کوتان دابوون، شلکەڕانی نغرۆی نازی پەڕە ڕەشەکان بوو؛
گەردنی گیرۆدەی دەنووکی بوو؛
سنگی لەسەر سنگی نائومێدی کچە نا.

قامکە نادیار و ترساوەکانی
چلۆن ئەو شکۆ پەڕئاژنە لە ڕانە سستەکانی دەرباز ئەکەن؟
لەشی چلۆن ئەتوانێ ئەو دڵە نامۆیە هەست پێ بکا کە لێ ئەدا؟
هەر ئەو لەشەی بەر هێرشی سپی کەوتووە!

لەرزینی ناوقەد لەوێ
دیواری ڕووخاند و، سرمیچ و قەڵای سووتاوی لێ کەوتەوە.
پاشان ئاگامێمنۆن مرد.
 لە گیرۆدە بوونێکی وەهادا،
لە ئاوەها بن دەستە بوونێکدا، بن دەستی خوێنی حەیوانیی هەوا،
ئاخۆ ژنە زانیاری و هێزی پێکەوە لەبەرکردبێ
پێش ئەوەی ئەو دەنووکە بێ بەزەییە بیخاتە خوارێ؟

## Leda and the Swan

A sudden blow: the great wings beating still
Above the staggering girl, her thighs caressed
By the dark webs, her nape caught in his bill,
He holds her helpless breast upon his breast.

How can those terrified vague fingers push
The feathered glory from her loosening thighs?
And how can body, laid in that white rush,
But feel the strange heart beating where it lies?

A shudder in the loins engenders there
The broken wall, the burning roof and tower
And Agamemnon dead.
 Being so caught up.
So mastered by the brute blood of the air,
Did she put on his knowledge with his power
Before the indifferent beak could let her drop?

## لەنێو منداڵانی قوتابخانەدا

١

بەدەم پرسیارەوە ڕێڕەوە درێژەکەی قوتابخانە ئەپێوم،
ڕاهیبەیەکی بەساڵاچووی میهرەبان بەڕووبەندێکی سپییەوە وڵام ئەداتەوە؛
منداڵان لێرە فێری حسێب کردن و سروود ئەبن.



فێری کتێب خوێندنەوە و مێژوو،
بە نوێترین شێوە فێر ئەبن ببڕن و بدروون و،
لە هەموو شتێکدا ڕێکوپێک بن – چاوانی منداڵان،
بەسەرسووڕمانێکی سەر پێییەوە، زەق ئەڕواننە
پیرەمێردێکی شەست ساڵەی ناسراو و دەم بەبزەوە.

٢

لە خەونی جەستەیەکی لیدایی دام،
چەماوە بەسەر ئاگرێکی ڕووەو کوژانەوە،
ئەو چیرۆکەی دەربارەی سەرکۆنەیەکی توند گێڕایەوە،
یان ئەو ڕووداوە بێبایەخەی سەردەمی منداڵێتی گۆڕی و کردیە تراژیدیا
گێڕایەوە و، دەتگوت بەهۆی هاودڵیی لاوێتییەوە
سروشتی هەردووکمان لە گۆیەکدا کۆبۆتەوە و،
یان تەمسیلەکەی ئەفلاتوون بگۆڕین و بیکەینە
زەردێنە و سپێنەی یەک هێلکەیەک.

## Among School Children

1

I walk through the long schoolroom questioning;
A kind old nun in a white hood replies;
The children learn to cipher and to sing,
To study reading - books and history,
To cut and sew, be neat in everything
In the best modern way - the children's eyes
In momentary wonder stare upon
A sixty - year - old smiling public man.

2

I dream of a Ledean body, bent
Above a sinking fire, a tale that she
Told of a harsh reproof, or trivial event
That changed some childish day to tragedy -

Told, and it seemed that our two natures blent
Into a sphere from youthful sympathy,
Or else, to alter plato's parable,
Into the yolk and white of the one shell.

٣

که بیر لەو خەم و تووڕەییيە دەکەمەوە.
سەیری یەک دوو منداڵێ دەکەم و ڕادەمێنم.
بڵێیی ئەویش لەو تەمەنەدا ئاوەها بووبێت –
چونکە تەنانەت کچانی قووش
ئەتوانن لە میراتی هەر دۆمێک خاوەن بەش بن –
بڵێیی ئەویش هەر هەمان ڕەنگی لەسەر گۆنا و قژ بووبێت،
ئەو شوێنەی دڵم شەیدا و بێقەرار دەکات:
بەوێنەی منداڵێکی شاداب لە بەرامبەرمدا ڕادەوەستێ.

٤

وێنەی ئێستای لە مێشکمدا شەپۆلان دەکا –
ئاخۆ قامکی کواترۆ چنتۆ[١] توانیبێتی قووڵیی گۆنای بنەخشێنێ؟
ئەو گۆنایەی چما بای سەرخۆش کردووە و،
یان، لە باتیی گۆشت سێبەری خواردووە؟
گەرچی من لە ڕەگەزی لیدایی نەبووم،
بەڵام سەردەمانێک پەڕوباڵێکی جوانم هەبوو – ئیتر بەسیەتی،
باشتر وایە پێبکەنم بەهەر شتێ کە پێ ئەکەنێ و،
پیشان بدەم داهۆڵێکی پیریش ئەتوانێ ئاسوودەبێ.

3

And thinking of that fit of grief or rage
I look upon one child or t'other there
And wonder if she stood so at that age -
For even daughterd of the swan can share

(١) هێمایە بۆ هونەرمەندانی شێوەکاری سەدەی پانزدەی ئیتاڵیا،



Something of every padder's heritage -
And had that colour upon cheek or hair,
And thereupon my heart is driven wild:
She stands before me as a living child.

4

Her present image floats into the mind -
Did quattrocento finger fashion it
Hollow of cheek as though it drank the wind
And took a mess of shadows for its meat?
And I though never of Ledaean kind
Had pretty plumage once - enough of that,
Better to smile on all that smile, and show
There is a comfortable kind of old scarecrow.

٥

چ گەنجەدایکێک، ئەو پارچە گۆشتەی لە داوێنی دایە
هەنگوێنی نەوە خەیانەتی دەرهەق کردووە و،
(منداڵ) دەبێ بخەوێ، بقیژێنێ، هەوڵی هەڵاتن بدات،
بەو شێوەیەی کە بیرەوەرییان دوا بڕیار دەدات،
لەو کاتەدا کە بیر لە کوڕەکەی ئەکاتەوە،
ئەو کوڕەی شەست و بگرە زۆر زستانی دیکەش بەسەریەوە ڕواوە،
قەرەبووکردنەوەی ئێشی لەدایکبوونەکەیەتی؟
یان، دڵنیانەبوونە لە داهاتووەکەی؟

٦

ئەفلاتوون سروشتی تەنیا وەکوو دەرکەوتەیەک ئەبینی
کە لەسەر واقیعی مۆتەکە ئاسای چشتەکان گەمە ئەکا؛
ئەرەستووش، بە بڕوایەکی پتەوترەوە،
لەسەر خۆڵەمێشی شای شاکان کەلایەن ئەکا،
فیساغوورسی ڕان زێڕین و بەناوبانگ
قامکی نایە سەر ژێ و ئارشەی ڤیۆلۆن و
ئەستێرەکان چڕییان و پەرییە کەمتەرخەمەکانی شیعر بیستیان:

جلی شڕ لەسەر گۆچانی پرتووکاو بۆ ترساندنی باڵندەیەک.

5

What youthful mother, a shape upon her lap
Honey of generation had betrayed,
And that must sleep, shriek, struggle to escape
As recollection or the drug decide,
Would think her son, did she see that shape
With sixty or more winters on its head,
A compensation for the pang of his birth,
Or the uncertainty of his setting forth?

6

Plato thought nature but a spume that plays
Upon a ghostly paradigm of things;
Solider Aristotle played the taws
Upon the bottom of a king of kings;
World - famous golden - thighed Pythagoras
Fingered upon a fiddle - stick or strings
What a star sang and careless Muses heard:
Old clothes upon old sticks to scare a bird.

٧

ڕاهیبەکان و دایکەکان وێنەی خەیاڵی پەرستشت ئەکەن،
بەڵام ئەو وێنانەی تیشکی مۆم ڕوونیان ئەکاتەوە
ئەوانەی نین گیان ئەبەخشنە یادەوەرییەکانی دایکێک؛
جگە لە مەزارێکی مەڕمەڕین یان برۆنزین هیچیان دەست ناکەوێ.
سەرەڕای ئەمانەش، دیسانەوە، دڵشکێنی ئەکەن –
ئەی ئەو حوزوورانەی کە میهر و، بەزەیی و خۆشەویستی دەیناسن و،
ئەو هەموو شکۆ ئاسمانییەش ئاماژەی بۆ دەکا –
ئای، گاڵتەکەرە خۆ لە دایکبووەکانی ئاکاری مرۆڤ.

٨

ئازار لەوێدا چرۆ ئەبەستێ و دێتە سەما
کە لەش بۆ شادکردنی ڕۆح زامدار نەبێت؛



نە جوانی لە نائومێدییەکەی خۆی لە دایک ئەبێت و،
نە زانایی چاو لێڵیش لە مۆمی نیوەشەو؛
ئەی داربەڕوو، ئەی چرۆ بەخشی ڕیشە ئەستوور،
تۆ گەڵای، شکۆفەی، یان ناو قەدی؟
ئەی ئەو جەستەیەی لەگەڵ مۆسیقا دەشنێیتەوە، ئەی نیگای ڕووناکی بەخش،
چلۆن ئەتوانین سەماکەر لە سەما جیا بکەینەوە؟

7

Both nuns and mothers worship images,
But thous the candles light are not as those
That animate a mother's reveries,
But keep a marble or a bronze repose.
And yet they too break hearts - O Presences
That passion, piety or affection knows,
And that all heavenly glory symbolise -
O self - bron mockers of man's enterprise;

8

Labour is blossoming or dancing where
The body is not bruised to pleasure soul,
Nor beauty born out of its own despair,
Nor blear - eyed wisdom out of midnight oil.
O chestnut tree, great - rooted blossomer,
Are you the leaf, the blossom, or the bole?
O body swayed to music, O brightening glance,
How can we know the dancer from the dance?

# جەیمز جۆیس (١٨٨٢ - ١٩٤١)[1]

جەیمز جۆیسی چیرۆکنووس و ڕۆماننووس لە دەوروبەری دابلین-ی ئیرلەندا هاتە دونیاوە و، لە کۆلیژی سەر بەزانکۆ[2] لە دابلین خوێندنی تەواو کرد. سەرەتا لەژێر کاریگەرێتیی ئیبسن[3] و یەیتس[4] و دانتە[5] دابوو و، ئەمەش تا ئەو ڕادەیە بوو کە بۆ نموونە، لە هەڤدە ساڵاندا خۆی فێری زمانی نەرویجی کرد تاکوو شانۆنامەکانی ئیبسن بەزمانی ئەسڵی بخوێنێتەوە. پاشان لە ساڵی ١٩٠٢دا چوو بۆ پاریس و لەوێ بەهەژارییەوە ژیانی بردەسەر. بەهۆی خوێندنی ڕۆمانێکی ئیدوارد و دوژواردین[6] [7]ەوە ئاگاداری تەکنیکی شەپۆڵی هۆشیاری[8] بوو، کە دواتر زۆری بەکارهێنا و، لە ڕاستیدا پەرەپێدەری جیهانیی ئەم تەکنیکە بوو (لەگەڵ فاکنێر و وۆلفدا). بەمەبەستی بەشداریکردن لە پرسەی دایکی گەڕایەوە بۆ دابلین و، پاشان، لەگەڵ نۆرا بارناکل[9]ی هاوڕێ و دەستگیرانی بۆ هەتایە ئیرلەندیان بەجێ هێشت. سەرەتا چوونە تریست[10] و زووریخ[11] و لە ئاکامدا لە پاریس گیرسانەوە. یەکەمین کتێبی بڵاوکراوەی جۆیس کۆمەڵە شیعرێک بوو بەناوی **مۆسیقای کوڕی بچووک** (١٩٠٧)[12]، پاشان کۆمەڵە چیرۆکی **دابلینییەکان** (١٩١٤)[13] بڵاوکرایەوە، کە لایەنگریی نووسەر و شاعیرانی ئەو سەردەمەی وەک ئێزرا پاوند[14] بەدواوە بوو.

1. James Joyce (1882 - 1941).
2. Universtiy College.
3. Henrik lbsen (1828 - 1906).
4. W.B. Yeats (1865 - 1939).
5. Alighieri Dante (1265 - 1321).
6. Edward Dujardin.
7. *Les lauries Sont Coapes (1888).*
8. Stream of Consciunsness.
9. Nora Barncle.
10. Trieste.
11. Zurich.
12. *Chamber Music (1907).*
13. *Dubliners (1914).*
14. Ezra Pound (1885 - 1972).



**وێنەی هونەرمەند وەکوو گەنجێک**[1]، یەکەمین ڕۆمانی جۆیسە کە بەسەرهاتی ستیفان دێدلێس[2] تا تەمەنی بیست ساڵان دەگێڕێتەوە. **یولیسیس**[3]، ڕۆمانی هەرە بەرزی سەدەی بیستەم لە ساڵی ١٩٢٢دا و لە پاریس بڵاوکرایەوە. پاشان بۆ ماوەی هەڤدە ساڵ بەنووسینی ڕۆمانی **هەستانەوەی فینیگانەکان**[4]ەوە سەرقاڵ بوو، کە ڕۆمانێکی هەرە دژوارە و لەسەر ئوستوورەیەکی ئیرلەندی دامەزراوە؛ گەمە زمانییەکانی جۆیس لەم ڕۆمانەی دواییدا گەیشتۆتە تەشقی خۆی. دوو ڕۆمانی **یولیسیس** و بەتایبەت **هەستانەوەی فینیگانەکان** گۆڕانکارییەکی مەزنیان بەسەر فۆڕم و بنەمای ڕۆماندا هێنا و، بەگشتی بە دوو ڕۆمانی بەرزی سەدەی بیستەم لە قەڵەم دەدرێن. جۆیس، کە لە دواساڵەکانی تەمەنیدا لەوپەڕی هەژاری و نەدارییەوە دەژیا و سۆمای چاوەکانیشی پەیتا پەیتا بەرەو نەمان و کوژانەوە دەچوو، بەرهەمەکانی بە تەشقی ڕۆمانی مودێرنیستی دێنە ئەژمار.

1. *A Portrait of the Artist as a Yonng Man (1916).*
2. Stephen Dedalus.
3. *Ulysses (1922).*
4. *Finnregans Wake (1939).*

## له كەناری فۆنتانا

گڤە گڤە با بەسەر زیخ و چەوی زەریادا ئەلوورێنێ.
شەپۆڵكوژە سەرشێتەكان ئەناڵێنن؛
زەریایەكی بەساڵاچوو
یەك لە دوای یەك بەردە سواوەكان ئەژمێرێ.

لەم با مەلوول و زەریا سارد و خۆڵەمێشییەوە
گەرم گەرم لە باوەشی دەگرم و
شانی لەرزۆك و جوانكیلە و
باسكی منداڵانەی هەست پێدەكەم.

ترس گەمارۆی داوین،
تاریكایی بەسەرمانەوە دێتە خوارێ و،
لە دڵی منیشدا
ئێشی عەشق چەندە قووڵ و بێ بڕانەوەیە.

## On the Beach at Fontana

Wind whines and whines the shingle,
The crazy pirstakes groan;
A senile sea numbers each single
Slimeslvered stone.

From whining wind and colder
Grey sea I wrap him warm
And touch his trembling fineboned shoulder
And boyish arm.

Around us fear, descending
Darkness of fear above
And in my heart how deep unending
Ache of love!



## دەنگی سوپایەك دێتە گوێم

دەنگی سوپایەك دێتە گوێم كە بەرەو وشكایی لە سمكۆڵان دایە،
كۆڕژنی ئەسپان ئەبیسم كە تا ئەژنۆ لەنێو ئاودان و، بەردەوام ئەحیلێنن:
ئەڕابەچییەكان، قیت و قوت، بەجلی ڕەشی شەڕ و بەدەم سووڕدانی قامچییەوە،
هەوساریان بەرداوە و لە پشتیانەوە ڕاوەستاون.

لە دڵی شەودا نێوی جەنگەكەیان هاوار ئەكەن:
منیش لە خەودا ئەناڵێنم و پێكەنینە پڕ هەلهەلەكەیان لە دوورەوە ئەبیسم،
تاریكایی هەر خەونەكان كوناودەر ئەكا و، بە چەشنی شەوارە،
لەسەر دڵ سمكۆڵان دەكەن، وەك بلێیی لەسەر سندان.

دێن و سەركەوتووانە قژی سەوزی درێژیان ئەشنێتەوە:
لە زەریا دێنە دەرێ و لە كەنارەكاندا غار ئەكەن و بەشادییەوە هاوار ئەكەن.
ئەدی دڵ، مەگەر لە تۆدا زانایی نییە كە بەم چەشنە نائومێدی؟
ئازیزم، ئازیزم، ئازیزم، بۆ بەتەنیا بەجێت هێشتووم؟

## I Hear an Army

I hear an army charging upon the land,
    And the thunder of horses plunging, foam about their knees:
Arrogant, in black armor, behind them stand,
    Disdaining the reins, with fluttering whips, the charioteers.

They cry unto the night their battle-name:
    I moan in sleep when I hear afar their whirling laughter.
They cleave the gloom of dreams, a blinding flame,
    Clanging, clanging upon the heart as anvil.

They come shaking in trumph their long, green hair:
    They come out of the sea and run shouting by the shore.
My heart, have you no wisdom thus to despair?
    My live, my love, my love, why have you left me alone?

# دی. ئیچ. لارێنس (١٩٣٠ - ١٨٨٥)[1]

دەڤید هێربرت لارێنس لە شاری ئیستوود-ی نایتنگهامشێر لەدایک بوو. باوکی کانچییەکی هەژار و دایکیشی پێشتر مامۆستای قوتابخانە بوو. بەوپەڕی هەژاری و نەدارییەوە گەورە بوو و لە پانزدە سالاَندا ناچار بوو لەبەر نان دەست لە خوێندن بکێشێ. ڕۆمانی **کوڕان و عاشقان** (١٩١٣)[2]، کە لە ڕاستیدا ژیاننامەی خۆیەتی، بە یەکەمین نموونەی بەربلاو و پتەوی ڕۆمانی پرۆلتارییی ئەدەبی ئینگلیزی دادەنرێ. ڕۆمانی دوایی، **پەلکەزێڕینە** (١٩١٥)،[3] بەهۆی زمانی ڕووت و بێ پەردەوە بە دەستی پۆلیس ڕاگیرا. **ژنانی عاشق** (١٩١٦)[4] درێژەدەری چیرۆکی ڕۆمانی پێشووە و هەردوو ڕۆمانەکە بەشاکاری لارێنس ئەژمێردرێن. لارێنس بەردەوام لە سەفەردا بوو و، بە هۆی نەخۆشیی سیلەوە لە میکزیکەوە هات بۆ ئیتالیا و لە فلۆرانس نیشتەجێ بوو و لەوێ ڕۆمانی **فاسقی خانمی چاتێرلی** (١٩٢٨)[5]ی، تەواوکرد کە سی ساڵ دواتر لە ئامریکا و بریتانیا لە چاپ درا. هەروەهاش خاوەنی چەندین کۆمەڵە شیعر و کورتە چیرۆکە وەک **شیعرە ئەویندارانەکان** (١٩١٣)[6]، **باڵندە و دڕندە و گوڵ** (١٩٢٣)[7] و **بەیانیانی مەکزیکۆ** (١٩٢٧)[8]. سەرەڕای ئەمانەش، چەندین لێکۆڵینەوەی مێژوویی و دەروونیی ئەنجام داوە وەک - **بزافەکانی مێژووی ئەوروپا** (١٩٢١)[9] و **دەروونیشکاری و زەینی ناهۆشیار** (١٩٢١)[10].

لارێنس تەنها ڕۆماننوسی گەورەی ڕۆمانتیسیستی سەرەتای سەدەی بیستەمە. وێنە سازیی سروشتی وەک بەکارهێنانی مانگ و خۆر و تاڤگە موتیفی بەرهەمەکانی

1. David Herbert Lawrence (1885 - 1930).
2. *Sons and Lovers (1913).*
3. *The Rainbow (1915).*
4. *Women in Love (1916).*
5. *Lady Chatterley's Lover (1928).*
6. *Love Poems (1913).*
7. *Birds, Beasts and Flowers (1923).*
8. *Mornings in Mexico (1927).*
9. *Movements in European History (1921).*
10. *Psychoanalysis and the Unconscious (1921).*



پێکدێنن؛ تیۆری «وەحشییی نەجیب»[1] کاری زۆری لەسەرکردبوو و، بەرهەمەکانی لێوا و لێون لە شێوازێکی شاعیرانە و ڕەوان. لارێنس لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە مرۆڤی مودێرن لە مەترسیی دۆڕانی توانای تام و چێژ بردن و ئەزموون کردنی چۆنایەتیی ژیاندایە؛ بەو بۆنەشەوە بەشێوەیەکی ورد و چالاک کەسێتیی ڕۆمانەکانی دەپەروەراند. شیعری لارێنس زۆرتر دەچێتە نێو خانەی شیعری لیریکەوە و، هەوڵی داوە هەستە ڕاستەقینە و بێگەردەکانی مرۆڤ لەو شیعرانەدا بەرجەستە بکاتەوە.

1. "Noble Savage"

## پیانۆ

تاریک و لێڵان، هێور هێور ژنێک گۆرانیم بۆ ئەڵێ؛
ئەمبا، ئەمباتەوە بەرەو دیمەنی ساڵانی ڕابردوو،
تا ئەو دەمـەی منداڵێک ئەبینم لەژێر پیـانۆیەک دانیـشـووە، لە دەنگدانەوەی ژێ
بەرزە دەنگەکاندا،
لاقە چکۆڵە و ڕاستەکانی ئەو دایکەی ئەگووشێ کە بزە لەسەر لێو ستران ئەبێژێ.

بێ ئەوەی بمەوێ، وەستایەتیی سیحراویی ئاواز
دیسانەوە ئەمباتەوە بەرەو دواوە و، ڕیسوام ئەکا؛
بۆ ئێوارانی یەکشەمە دێرینەکانی خانووەکەمان دڵم فرمێسک ئەبارێنێ،
ئەو کاتەی لە دەرەوە بەفر ئەباری و لەناو ژوورە خنجیلانە و
گەرمەکەی ئێمەشدا ورەی گۆرانی دەهات و،
پیانۆی نەغمەگەریش ڕێبەرمان بوو.

کەوایە، ئێستاکە ئیتر بێهودەیە
گۆرانیبێژ و نەغمەی پیانۆ ڕەشە زەلامەکە نوقمی هەرابن.
ئەفسوونی ڕۆژانی منداڵیش ڕێی پێ گرتووم و،
پیاوەتیشم لە لافاوی بیرەوەریدا نغرۆ ئەبێ؛
بەوێنەی منداڵێ ئەگریم بۆ دوێنێ.

## Piano

Softly, in the dusk, a woman is singing to me;
Taking me back down the vista of years, till I see
A child sitting under the piano, in the boom of the tingling strings
And pressing the small, poised feet of a mother who smiles
as she sings.

In spite of myself, the insidious mastery of song
Betrays me back, till the heart of me weeps to belong
To the old Sunday evenings at nome, with winter outside



And hymns in the cozy parlor, the tinkling piano our guide.

So now it is vain for the singer to burst into clamor
With the great black piano appassionato. The glamor
Of childish days is upon me, my manhood is cast
Down in the flood of remembrance, I weep like a child for the
past.

## وەیشوومەی ئەوین

ئێمە لە ئەوین چ وەیشوومەیەکمان بەرپاکردووە
ئەو دەمەی کە ئاواتێکمان لێ ساز کرد.

کاتێ سوێند ئەخۆم کە هەموو تەمەنم ئەوینداری ژنێک بم، ژنێکی تایبەت،
هەر هەمان دەم ڕقم لێ هەڵئەستێ.

تەنانەت ئەو دەمەی بە ژنێک ئەڵێم: خۆشم ئەوێی،
ئەوینم لە ناکاو ئەکوژێتەوە.

ئەو دەمەی ئەوین لەنێوانماندا هەست پێ دەکرێ و، لێی دڵنیاین،
ئەو ئیدی ئەوین نییە و، گەرایەکی بێ گیانە.

ئەوین بە وێنەی گوڵێکە، دەبێ چرۆ بکا و بژاکێ؛
ئەوینێ کە نەژاکێ، خۆ گوڵ نییە،
یان تاجە گوڵینەیەکی دەستکردە، یان گوڵی گۆڕستان.

## The Mess of Love

We've made a great mess of love
Since we made an ideal of it.

The moment I swear ot love a woman, a certain woman, all my life
That moment I begin to hate her.

The moment I even say to a woman: I love you! -
My love dies down considerably.

The moment love is an understood thing between us, we

are sure of it,
It's a cold egg, it isn't love any more.

Love is like a flower, it must flower and fade;
If it dosen't fade, it is not a flower,
It's either an artificial rag blossom, or an immortelle, for the cemetry.

ئەو دەمەی عەقڵ دەست تێ وەرئەداتە ئەوین، یان خواست لەوێ ڕادەوەستێ،
یان مرۆڤ بە چاکی دەزانێ، یان خود خاوەنیەتی،
ئەوە ئیدی ئەوین نییە، وەیشوومەیە، وەیشوومە.
ئێمەش لە ئەوین چ وەیشوومەیەکمان بەرپاکردووە.
ئەوینی گیرۆدەی عەقڵ و خواست و خود.

The moment the mind inteferes with love, or the will fixes on it,
Or the personality assumes it as attribute, or the ego
takes possession of it,
It is not love any more, it's just a mess.
And we've made a great mess of love, mind-perverted,
will-perverted, ego-perverted love.



# تی. ئێس. ئیلیۆت (١٩٦٥-١٨٨٨)

تامس ستێرنز ئیلیۆت[1] لە ساڵی **١٨٨٨** و لە شاری سەینت لویی سەر بە باژێڕی میسووریی ئامریکا لە دایک بوو. لە ساڵەکانی **١٩٢٠** بەم لاوە بەردەوام وەکوو یەکێ لە دەنگە هەرە بەرز و تایبەتەکانی ئەدەبی ئینگلیزی ناوی لێ براوە. لە تەمەنی هەژدە ساڵاندا وەکوو خوێندکاری زانکۆی هارڤارد دەستی کرد بەخوێندن و، لەوێ بەقووڵی چووە ژێر کاریگەرێتیی تیۆرە دژە ڕۆمانتیکەکانی ئیرڤین بەبیت[2] و بۆچوونە ڕەخنەگرانە و فەلسەفییەکانی جۆرج سانتایانا[3]. ئەدەبی سەردەمی یاکووبی و ئیلیزابێتی (واتە ئەدەبی سەرەتای سەدەی هەڤدەهەمی بریتانیا)، ڕۆنیسانسی ئیتاڵی و هەروەها فەلسەفەی هیندی و بوودیزم کاری زۆریان لەسەر کرد. لەلایەکی تریشەوە، جێ پەنجەی دانتە[4] و باتلێر یەیتس[5]ی هاوچەرخی خۆی لە بەرهەمەکانیدا بە سانایی وەدیار دەکەوێ. ساڵی **١٩٤٥** خەڵاتی نوبێلی ئەدەبی پێ بەخشرا و، ساڵی **١٩٦٥** مۆمی ژیانی کوژایەوە.

شیعرە سەرەکی و بەنێوبانگەکانی ئیلیۆت بریتین لە: وێنەی ژنێک[6]، سترانی ئەڤینی جەی ئاڵفرێد پروفراک،[7] **چوار کوارتێت**[8]، **چوارشەمەی خۆڵەمێشی**[9] و **وێرانەخاک**[10]. هەروەهاش شانۆنامە دیارەکانی، کە دەچنە نێو خانەی شانۆی کێشدار و ئایینییەوە، ئەمانەی خوارەوەن: **کوشتن لە کەڵێسەی گەورەدا**،[11] **یەککگرتنەوەی**

1. Thomas Stearns Eliot (1888 - 1965).
2. Irving Babbitt (1865 - 1933).
3. George Santayana (1863 - 1952).
4. Alighieri Dante (1263 - 1321).
5. William Butler Yeats (1865 - 1939).
6. Portrait of a Lady.
7. The Love Song of J. Alfred Prufrock.
8. *Four Quartets (1935).*
9. *Ash Wednesday (1930).*
10. *The Waste Land (1922).*
11. *Murder in the Cathedral (1935).*

**بنەماڵە**[1] **میوانیی کۆکتیل**[2]، **کۆنە سیاسەتمەدار**[3]. ئیلیۆت، سەرەڕای ئەو بەرهەمانەی سەرەوە، لە پێگەی ڕەخنەگرێکدا چەندین کۆمەڵە وتاری شیکاریی و ڕەخنەیی نووسیوە کە هەندێکیان بریتین لە: **جەنگەڵی پیرۆز**[4]، **هەڵبژاردەی وتارەکان**[5] و هەروەها وتاری بەنێوبانگی «نەریت و بەهرەی تاکەکەسی»[6].

هەروەهاش، هەرچەند وەکوو یەکێ لە بیرداڕێژە سەرەکییەکانی قوتابخانەی ڕەخنەی نوێ ناناسرێ، بەڵام وتارە ڕەخنەییەکانی بووە هۆی گەشەکردن و پەرەسەندنی ئەو قوتابخانە ڕەخنەییە و، بەلایەنگر و پەرەپێدەری ڕەخنەی نوێ دادەنرێ.

1. *The Family Reunion (1939).*
2. *The Cocktail Party (1950).*
3. *The Elder Statesman (1959).*
4. *The sared wood (1920).*
5. *Selected Essays (1930).*
6. Tradition and the lndivolual Talent.



## سترانی ئەڤینی جەی ئاڵفرێد پروفراک

ئەگەر بمزانیبا ئەو کەسەی لەگەڵیدا قسە دەکەم
بۆ جیهانی زیندووەکان ئەگەڕێتەوە،
گڕوگڵپەی ئەم ئاگرەی تێیدام بەبێ جووڵانەوە دەوەستا؛
بەڵام، چونکە تا ئێستا کەس لەم قووڵاییەوە نەگەڕاوەتەوە،
ئەگەر ئەوەی گوێشم لێیە ڕاست بێ،
بێ ترسی ئەوەی ناوم بزڕێ وەڵامی تۆم ئەدایەوە.[1]

دەسا با بڕۆین، من و تۆ،
ئێستێ کە ئێوارە وەکوو نەخۆشێکی بێهۆشی سەر چرپا
بەسەر بەستێنی ئاسمانا بڵاو بۆتەوە؛
دەبا بڕۆین، بەنێو شەقامە نیوە چۆڵ و هۆڵەکانا،
بەنێو کوێرەڕێ قەرەباڵغەکانی شەوە بێ قەرارەکانا،
لە ئوتێلە هەرزانە یەکشەوەکان و
ئەو چێشتخانانەی ئاردەمشار لەسەر عەردایان ڕژاوە و
خواردنەکەیان گوێچکەماسییە:
ئەو شەقامانەی کە وەک مشت و مڕێکی بێ ئاکام و
لەسەر مەبەستێکی پیلاناوی بەدوای یەکدا هەر ئەکشێن

## The Love Song of J. Alfred Prufrock

S'io credesse che mia risposta fosse
A persona che mai tornasse al mondo,
Questa fiamma staria senza piu scosse.
Ma perciocche giammai questo fondo
Non torno vivo alcun, s'i'odo il vero,
Senza tema d'infania ti rispondo.

Let us go then, you and I,
When thre evening is spread out against the sky

1. Dante, in ferno, XXVII.61-66.

Like a patient etherized upon a table;
Let us go, through certain half - deserted streets,
The muttering retreats
Of restless nights in one - night cheap hotels
And sawdust restaurants with oyster shells:
Streets that follow like a tedious argument
Of insidiuos intent

تا بەرەو پرسیارێکی سەخڵەتت بەرن...
ئای، مەپرسە، «چییە؟»
دەبا بڕۆین و بە ژوانەکەمانا بگەین.

لە ژوورەکەدا ژنان دێن و دەڕۆن و
باسی مایکلانژ دەکەن.

تەمێکی زەرد کە پشت ئەسوێتە پەنجەرەکان،
دووکەڵێکی زەرد کە پۆزە ئەسوێتە پەنجەرەکان
زمانی خستە نێو گۆشەکانی ئێوارە و لستنییەوە،
ساتێ لە قەراخ گۆلە پەنگ خواردووەکانی ژێر پلووسکەکانا ڕاما،
وەستا تا سووتووی دووکەڵ کێشەکان لەسەر پشتی نیشتنەوە،
لە تەنیشت باڵکۆنەکەوە هەڵخلیسکا، بەپەلە هەڵبەزییەوە،
کە بینی شەو، شەوی سامالّی ئۆکتۆبەرە،
جارێ بەدەور خانووەکەدا گەڕا و، خەوی لێ کەوت.

بەڕاستیش ماوە دەبێ
بۆ تەمە زەردەکە، بە شەقامەکەدا بخزێ و،
پشت بسوێتە پەنجەرەکان؛
ماوە دەبێ، ماوە دەبێ
تا دەستێ بەخۆتا بێنی و ئەو ڕوخسارانەی بڕیارە، بیانبینی؛



To lead you to an overwhelming question…
Oh, do not ask, “what is it?”
let us go and make our visit.

In the room the women come and go
Talking of Michelangelo.

The yellow fog that rubs its back upon the windowpanes,
The yellow smoke that rubs its muzzle on the windowpanes
Licked its tongue into the corners of the evening,
Lingered upon the pools that stand in drains,
Let fall upon its back the soot that falls from chimneys,
Slipped by the terrace, made a sudden leap,
And seeing that it was a soft October night,
Curled once about the house, and fell asleep.

And indeed there will be time
For the yellow smoke that slides along the street,
Rubbing its back upon the windowpanes;
There will be time, there will be time
To prepare a face to meet the faces that you meet;

ماوە دەبێ بۆ کوشتن و ئافراندن،
ماوەش بۆ ئەم هەموو ئیش و ڕۆژ و دەستە،
ئەو دەستانەی کە هەڵدێن و پرسیارێ ئەخەنە نێو دەورییەکەت؛
ماوە بۆ من و ماوە بۆ تۆ،
تەنانەت ماوە بۆ سەدان دڵەڕاوکێ،
بۆ سەدان بینین و بینینەوە،
پێش خواردنی چا و کولیچە.

لە ژوورەکەدا ژنان دێن و دەڕۆن و
باسی مایکلانژ دەکەن.

بەڕاستیش ماوە دەبێ
بۆ سەر سووڕمان «ئاخۆ ئەوێرم؟»، «ئاخۆ ئەوێرم؟»
ماوە بۆ وەی وەرگەڕێیت و لە پلیکانەکان بێیتە خوارەوە،
بەم قژەوە کە وەریوە لە تەوقی سەرمەوە –

(دڵنیام ئەڵێن: «بڕوانن! تا دێ قژی تەنکتر دەبێ!»)
قاتی بەیانیانم، یەخەکەم توند توند تا ژێر چناکەم بەستووە،
بۆینباخەکەم ئاغەواتییە و خۆماڵی، بەڵام بەدەرزیلەیەکی ساکار بەستراوە
(دڵنیام ئەڵێن: «بڕوانن! قاچ و قولی چەندە لاوازە!»)

There will be time to murder and create,
And time for all the works and days of hands
That lift and drop a question on your plate;
Time for you and time for me,
And time yet for a hundred indecisions,
And for a hundred visions and revisions,
Before the taking of a toast and tea.

In the room the women come and go
Talking of Michelangelo.

And indeed there will be time
To wonder, “Do I dare?” and, “Do I dare?”
Time to turn back and descend the stair,
With a bald spot in the middle of my hair -
(They wiil say: “How his hair is growing thin”)
My morning coat, my collar mounting firmly to the chin,
My necktie rich and modest, but asserted by a simple pin -
(They will say: “But how his arms and I legs are thin!”)

ئاخۆ ئەوێرم
هەموو جیهان بشڵەژێنم؟
ئانوسات ماوە هەیە
بۆ بڕیار و پێداچوونەوە، کە ئانوساتێ هەمووی هەڵدەوەشێنێتەوە.

ئاخر دەمێکە هەموویان دەناسم. هەر هەموویانم ناسیوە –
ئێواران و سەرلەبەیانیان و پاش نیوەڕۆان،
هەر هەموو ژیانیشم پێواوە بەکەوچکە چاکان؛
ئەو دەنگانە دەناسم
کە لە سێبەری مۆسیقای ژوورێکی دوورەوە



هەڵئەوەرێن و هێور هێور ئەکوژێنەوە.
کەوایە، چلۆن تێ هەڵبچمەوە؟

لەمێژە ئەو چاوانە دەناسم، هەر هەموویانم ناسیوە –
ئەو چاوانەی لە ڕواڵەتی دەستەواژەیەکی فرمووڵەکراودا ئەتبەستنەوە.
کاتی منیش فرمووڵەکرام و بەدەرزیلەیەکەوە لە خاچ درام.
کاتێ لەسەر دیوار پەلەقاژێ ئەکەم،
ئەوسا ئیتر چلۆن دەست پێبکەم
دوا چرکەکانی سەرجەم ڕۆژ و خووەکانم تف بکەمەوە؟
کەوایە، چلۆن تێ هەڵبچمەوە؟

Do I dare
Disturb the universe?
In a minute there is time

For decisions and revisions which a minute will reverse.
For I have known them all already, known them all -
Have known the evenings, mornings, afternoons,
I have measured out my life with coffee spoons;
I know the voices dying with a dying fall
Beneath the musci from a father room.
So how should I presume?

And I have known the eyes already, known them all -
The eyes that fix you in a formulated phrase,
And when I am formulated, sprawling on a pin,
When I am pinned and wriggling on the wall,
Then how should I begin
To spit out all the butt - ends of my days and ways?
And how should I presume?

دەمێکیشە ئەو باسک و مەچەکانە دەناسم، هەر هەموویانم ناسیوە –
ئەو مەچەکانەی بەبازنە ڕازاونەتەوە و ڕووت و سپین
(بەڵام لەبەر تیشکی گڵۆپەکەدا و بەبسکی خورمایییەوە، چەندە بۆر ئەنوێنن؟)
بۆنی کراسی کێیە ئاخۆ
وا هێندە پەشێوم ئەکا؟

ئەو مەچەکانەی خراونەتە سەرمێزیان بەشاڵێکەوە پێچراون.
ئاخۆ ئەبێ تێ هەڵبچمەوە؟
کەوایە، چلۆن دەست پێ بکەمەوە؟

***

ئاخۆ ئەبێ بڵێم درەنگان چەندە گەڕاوم بەشەقامە ئاستەنگەکانا و
سەیری دووکەڵی پیپی ئەو پیاوە مەلوولانەم کردووە
کە بەکراسێکەوە خۆیان بەسەر پەنجەرەکانا شۆڕکردۆتەوە؟

من دەبا جووتێ چنگی زبر ببوایەم و
بەستێنی زەریا خامۆشەکانم پشکنیبا.

***

And I have known the arms already, known them all -
Arms that are braceleted and whit and bare
(But in the lamplight, downed with light brown hair!)
Is it perfume from a dress
That maked me so digress?
Arms that lie along a table, or wrap about a shawl.
And should I then presume?
And how should I begin?

Shall I say, I have gone at dusk through narrow streets
And watched the smoke that rises from the pipes
Of lonly men in shirt - sleeves, leaning out of windows?

I should have been a pair of ragged claws
Scuttling across the floors of silent seas.

پاش نیوەڕۆش، ئێوارە. چەندە ئارام چووەتە ئامێزی خەوەوە!
قامکە ڕێک و پێکەکان ناز و نەوازشتیان کردووە،
خەوتووە... ماندووە... یان خۆی داوە لە نەخۆشی،
لەسەر عەرد ڕاکشاوە، هەر لێرە، لە تەنیشت من و تۆ،
ئاخۆ، پاش چا و کولیچە و دۆندرمە،
ئەبێ توانای ئەوەم هەبێ ئەو ساتە بەرەو تەشقی قەیران بەرم؟
بەڵام گەرچی زۆر گریاوم و بەڕۆژوو بوومە، گریاوم و دەستی



سکاڵام هەڵێناوە،

گەرچی بینیومە سەرم (کە وردە وردە تەنک ئەبێتەوە) لە سینییەکدا
(بەدیاری) هێناویانە،
بەڵام خۆ من پێغەمبەر نیم و - ئەمەش خۆ گرنگ نییە؛
بەچاوی خۆم بینیومە چرکەکانی شکۆ و شەوکەتم ئەکوژێتەوە،
غوڵامی هەتا هەتاییشم بینیوە کۆتەکەم هەڵدەگرێ و، بزەیەکی تاڵم ئەداتێ،
کورتی کەمەوە،ترسابووم، زۆر ترسابووم.

ئاخۆ، سەرەڕای هەموو ئەمانە، بەوە دەژیا،
پاش فنجان، چا، مرەبا،
لە نێوان قاپەچینییەکاندا و، پەیڤەکانی من و تۆدا،

***

And the afternoon, the evening, sleeps so peacefully!
Smoothed by long fingers,
Asleep… tired… or it malingrs,
Stretched on the floor, here beside you and me.
Should I, after tea and cakes and ices,
Have the strenth to forre the moment to its crisis?
But Though I have though I have wept and fasted, wept and prayed,
Though I have seen my head (grown slightly bald) brought in upon a platter,
I am no prophet - and here's no great matter;
I have seen the moment of my greatness flicker,
And I have seen the eternal Footman hold my coat, and snicker,
And in short, I was afraid.

And would it have been worth it, after all,
After the cups, the marmalade, the tea,
Among the porcelain, among some talk of you and me,

ئاخۆ بەوە دەژیا،
بزەیەک خەمە سەر لێوم و قسەی دڵم بدرکێنم.

هەر هەموو جیهان گرمۆڵەکەمە ناو تۆپێکەوە و
بەرەو چەند پرسیاری سەخڵەت تلی کەمەوە و
پاشان بڵێم: «ئەمنم لازارووس، لەنێو مردووەکانەوە
هەستاومەتەوە،
هاتوومەتەوە هەموو شتێکتان پێ بڵێم، هەمووشتان پێ ئەڵێم» –
بەڵام، بێت و ژنێ بەدەم دانانی سەرینێ لەپاڵ سەریەوە،
بڵێ: «ئەوەی لێی دەگەڕام ئەمە نییە.
ئەمە هەر ئەوە نییە».

ئاخۆ بەوە دەژیا، سەرەڕای هەموو ئەمانە،
ئاخۆ بەوە دەژیا،
پاش ئێواران و حەوشی ماڵان و شەقامە ئاو پرژێنکراوەکان،
پاش ڕۆمانەکان و فنجان فنجان چا و، پاش ئەو تەنوورانەی لەسەر
عەرد ئەخشێن؟
ئەمە و، زۆر شتی تر؟ –
نا، ناکرێ ئەوەی بەڕاستی مەبەستمە بیدرکێنم!
بەڵام، وەک بڵێی فانۆسێکی سیحراوی تۆڕی دەمارەکانی خستبێتە
سەر شانۆیەک:

Would it have been worth while,
To have bitten off the matter with a smile,
To have squeezed the universe into a ball
To roll it toward some overwhelming question,
To say: “I am Lazarus, come from the dead,
Come back to tell you all, I shall tell you all” -
If one, settling a pillow by her head,
Should say: “That is not what I meant at all.
That is not it, at all”

And would it have been worth it, after all,
Would it have been worth while,
After the sunsets and the dooryards and the sprinkled streets,
After the novels, after the teacups, after the skirts that
trail - along the floor



And this, and so much more?
It is impossible to say just what I mean!
But as if a magic lantern threw the nerves in patterns on a
screen:

ئاخۆ بەوە دەژیا
گەر ژنێ بەدەم دانانی سەرین و کردنەوەی شاڵێکەوە و،
لەکاتی گەڕانەوە بەرەو پەنجەرەدا، بڵێ:
«ئەمە هەر ئەوە نییە،
ئەوەی لێی دەگەڕام، ئەمە نییە».

***

نا! من شازادە هەملێت نیم و، بڕیاریش نەبوو ئەوبم؛
لۆردێکی ڕاوێژکاری ئامادەم، ئەوەی هەوڵ دەدا
پێشڤەچوونێک بەرجەستە بکا و، یەک دوو دیمەنێ بگێڕێ،
شازادە ئامۆژگاری بکا؛ بێ گومان گاڵتەجارێکی بێ دەردیسەر،
فەرمانبەر و خزمەتگوزار،
ڕامیار، هێور و وردبین،
پڕ لە وتەی مەزن، بەڵام نەختێ گەمژە؛
بەڕاستی، جار بەجار، تا ڕادەیەک حۆل –
تا ڕادەیەک جار بەجار، باڵۆول.

من پیر ئەبم... من پیر ئەبم...
دەریاچەکانی پانتۆڵەکەم پاشان هەڵئەکەم.

Would it have been worth while
If one, settling a pillow or throwing off a shawl,
And turning toward the window, should say:
“That is not it at all,
That is not what I meant, at all”

No! I am not prince Hamlet, nor was meant to be;
Am an attendant lord, one that will do
To swell a progress, start a scene or two,

Advise the prince; no doubt, an easy tool!
Deferential, glad to be of use,
Politic, cautious, and meticulous;
Full of high sentence, but a bit obtuse;
At times, indeed, almost ridiculous -
Almost, at times, the Fool.

I grow old… I grow old.
Ishall wear the bottoms of my trousers rolled.

ئاخۆ ئەبێ قژم هەڵبەمەوە؟ ئاخۆ ئەوێرم قەیسییەک بخۆم؟
پانتۆڵە سپییە پەشمییەکەم پاشان لەپێ ئەکەم و، بەرۆخی زەریادا پیاسە ئەکەم.

بیستوومە پەرییە زەرياییەکان بەگوێی یەکدا گۆرانی ئەچڕن.

بەڵام پێم وانییە بۆ من گۆرانی بلێنەوە.

پەرییەکانم بینیوە و هەریەکە لەسەر شەپۆلێ سوارن و بەرەو
زەریارێ ئەپێون.
ئەرۆن و بسکی سپیی شەپۆلەکان دائەهێنن،
ئەو کاتەی کە با هەڵئەکا و ئاو ئەبێ بە سپی، ئەبێ بە ڕەش.

ئێمە لە تەلارەکانی زەریادا خەومان لێ کەوتووە،
لەگەڵ ئەو کیژە زەریاییيانەی تاجە قەوزینەی قاوەیی و سووريان
لەسەر ناوە،
تا ئەو دەمەی دەنگە دەنگی مرۆڤ لەخەو ڕاماندەپەڕێنێ و، ڕۆئەچین.

Shall I part my hair behind? Do I dare to eat a peach?
I Shall wear white flannel trousers, and walk upon the beach.
I have heard the mermaids singing, each to each.

I do not think that they will sing to me.

I have seen them riding seaward on the waves
Combing the white hair of the waves blown back
When the wind blows the water white and black.



We have lingered in the chamber of the sea
By sea - girls wreated with seaweed red and brown
Till human voices wake us, and we drown.

## سەفەری مۆغ

لەو سەفەرەدا سەرەتایەکی ساردمان هەبوو،
وەرزە هەرە سەخڵەتەکەی ساڵ بۆ سەفەر، ئاوا سەفەرێک:
ڕێگا ناخۆش و هەواش پڕ لە گڤە و کڕێوە،
لە شەختە بەندانی زستاندا».
وشترەکان شەکەت، پێ بلۆقکراو و سەرکەش،
لەنێو بەفری تواوەدا ڕاکشابوون.
سەردەمانێکیش بە حەسرەتی هاوینەهەواری پێدەشتەکانەوە بووین و
بە حەسرەتی هەیوانەکان و ئەو کچە ئاورێشم پۆشانەی
شەربەتیان دەگێڕا.
پاشان وشتروانەکان، بەدەم نفرین و بۆڵە بۆڵەوە،
لێمان دوور دەکەوتنەوە و، شەراب و ژنەکانیان دەویست.
ئاگری شەوانە دەکوژایەوە و، پەناگاشمان نەبوو،
شارەکان پڕ لە ڕق و شارۆچکەکان زۆر دڵڕەق،
گوندەکان پیس و گەلێک گرانجان بوون:
ڕۆژگارێکی سەخڵەتمان هەبوو، لەو سەفەرەدا.
ئەنجام بە باشمان زانی بەشەودا ڕێ بپێوین،

## Journey of the Magi

“A Cold coming we had of it,
Just the worst time of the year
For a journey, and such a long journey:
The ways deep and the weather sharp,
The very dead of winter.”
And the camels galled, sore - footed, refractory,

Lying down in the melting snow.
There were times we regretted
The summer palaces on slopes, the terraces,
And the silken girls bringing sherbet.
Then te camel men cursing and grumbling
And running away, and wanting ther liquor and women,
And the night - fires going out, and the lack of shelters,
And the cities hostole and the towns unftiendly
And the villages dirty and charging high prices:
A hard time we had of it.

بەڵام، بەدەم وەنەوزەوە،
بەو دەنگانەی لە گوێماندا دەزرینگانەوە و دەیانگوت
ئەمانە هەر هەموو گەمژانە بوون.

پاشان دەمەو کازیوە گەیشتینە دۆڵێکی خۆش کەش و هەوا،
شێدار، لە داوێنی سنووری بەفرا کە بۆنی گژوگیای لێ دەهات؛
بەرووبارێکی ڕەوان و ئاشە ئاوینەیەک، کە دەرگای تاریکی ئەکوتا،
سێ دار سرمیچی کورتی ئاسمانیان لەت کردبوو.
پیرە ئەسپێکی سپیش لە مێرگەکەدا غاری دەکرد.
پاشان گەیشتینە مەیخانەیەک کە دەرگاکەی مێوپۆش کرابوو؛
شەش دەست لە دەرگایەکی ئاوەڵادا بۆ دراوە نوقرەییەکان تاسیان هەڵدەخست،
قاچەکانیش مەشکە بەتاڵەکانی شەرابیان پێشێل دەکرد.
بەڵام کەسمان ئاگامان لە هیچ نەبوو، هەر ئەڕۆیشتین و
درەنگان گەیشتین، هەر لە ماوەی دیاریکراودا،
شوێنەکەمان دۆزییەوە؛ جێگایەکی (تا ڕادەیەک) دڵنشین بوو.

لە بیرم دێ ئەمانە هەموو هی سەردەمانێکی پێش بوون،
دیسانەوە کارێکی وا دەکەم، ئەیلێم،
ئەیلێمەوە:

Sleeping in snatches,
With the voices singing in our ears, saying
That this was all folly.



Then at dawn we came sown to a temperate valley,
Wet, below the snow line, smelling of vegetation;
With a running stream and a water mill beating the darkness,
And three trees on the low sky,
And an old white horse galloped away in the meadow.
Then we came to a tavern with vine - leaves over the lintel,
Six hands at an open door dicing for pieces of silver,
And feet kicking the empty wineskins.
But there was no information, and so we continued
And arrived at evening, not a moment too soon
Finding the place; it was (you may say) satisfactory.

All this was a long time ago, I remember,
And I would do it agin, but set sown
This set down

ئاخۆ ئەو هەموو ڕێگایەی گرتمانەبەر بۆ مەرگ بوو یان لەدایکبوون؟
بێ گومان لەدایکبوونێک لە ئارادابوو.
دڵنیابووین و بەڵگەشمان هەبوو. من لەدایکبوون و مەرگم بینیبوو،
بەڵام پێم وابوو لێک جیاوازن؛
ئەم لەدایکبوونە گەلەک دژوارتربوو، وەک مەرگ، مەرگی ئێمە.
بەرەو وڵاتی خۆمان، بەرەو هەرێمی پاشایەتی گەڕاینەوە،
بەڵام، ئێستە بەدوا، لەم چەرخە چەپگەردەدا ئۆقرەمان لێ بڕا،
بەم خەڵکە لە خۆنامۆوەوە کە چوونەتە ئامێزی خواکانیانەوە.
من بەمەرگێکی تر گەلێک دڵخۆش ئەبم.

This: were we led all that way for
Birth or Death? There was a Birth, certainly,
We had evidence and no doubt. I had seen birth and death,
But had thought they were different; this Birth was
Hard and bitter agony for us, like Death, our death.
We returned to our places, these Kingdoms,
But no longer at ease here, in the old despensation,
With an alien people clutching their gods.
I should be glad of another death.

# ڕابرت گرەیڤز (١٩٨٥ - ١٨٩٥)[1]

ڕابرت گــرەیڤــز ســاڵی ١٨٨٥ لە شــاری لەندەن لەدایک بوو. لە تافی لاوێتــیــدا قوتابخانەی بەمەبەستی بەشداریکردن لە شەڕی جیهانیی یەکەم بەجێهێشت. پاش شەڕ لە زانکۆی ئاکسفۆرد پلەی دووەمی ئەدەبی وەرگرت و، ساڵی ١٩٢٦ بۆ ماوەیەکی کورت کرا بەمامۆستای زمان و ئەدەبی ئینگلیزیی زانکۆی قاهیرە لە میسر. ژیان لە ئەفریقا بووە هۆی بیچم گیریی چەشنە ئارەزوویەکی تایبەت بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر ئوستوورەکان، کە لە بەرهەمە دواییەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە. گرەیڤز خاوەن بەرهەمەگەلێکی زۆرە و، لە بوارە جۆراوجۆرەکانی چیرۆک، ئوستوورەناسی، ژیاننامە و ئەدەبی منداڵاندا چەندین کتێبی بەرهەم هێناوە. هەروەهاش چەند ڕۆمانێکی نووسیوە کە زۆرتر بناخەیەکی مێژووییان هەیە وەک **منی کلۆ دیۆس** (١٩٣٤)[2] و **خوای کلۆدیۆس** (١٩٣٤)[3]. باشترین نموونەی لێکۆڵینەوەکانی گرەیڤز لە بواری ئوستوورەناسیدا ئەم کتێبانەی خوارەوەن: خواژنی سپی: **ڕێزمانی مێژوویی ئوستوورەی شیعری** (١٩٤٨)[4]، **ئوستوورە یۆنانییەکان** (١٩٥٥)[5] و **ئوستوورە عیبرییەکان** (١٩٦٣)[6]. گرەیڤز بەردەوام لە چوونە ناو قوتابخانە و بزاڤەکانی سەردەمی خۆی پارێزی ئەکرد و، بەدەنگێکی تاکەکەسی و تایبەتەوە شیعری ئەنووسی. شیعرە ئەویندارانەکانی گرەیڤز، کە بەشێکی بەرهەمە ناسراوەکانی پێکدێنێ، هاوکات توخمی هەستئامێز و ڕەشبینانە و ڕۆمانتیکی لە خۆ گرتووە. گرەیڤزە، لە ماوەی ساڵانی ١٩٦١ تا ١٩٦٦، مامۆستای شیعری زانکۆی ئاکسفۆرد بوو.

1. Robert Graves (1895 - 1985).
2. *I, Claudius (1934).*
3. *Claudius the God (1934).*
4. *The White Goddess: a historical grammer of poetic myth (1948).*
5. *The Greek Myths (1955).*
6. *The Hebrew Myths (1963).*



## تۆڕی فێنک

منداڵان ناتوانن بڵێن ڕۆژ چەندە گەرمە،
یان بۆنی گوڵەسووری هاوینان چەندە بەکوڵە،
زبڵی ڕەشی ئاسمانی ئێواران چەندە سامناکە،
سەربازە زەبەلاحەکان بەدەم کوتانی تەپڵی شەڕەوە چەندە سامناکن.

بەڵام ئێمە گوتەمان هەیە و ڕۆژی توورە فێنک ئەکەینەوە،
گوتەمان هەیە و گاڵتەش بەبۆنی ستەمکاری گوڵی سوور ئەکەین.
شەوی سەرانسەر ئاوێزان وەلادەنێین،
سەرباز و ترسیش وەلادەنێین.

پێچراوین بەتۆڕێکی فێنکی زمانەوە،
پاشگەز ئەبینەوە لە شادی و ترسی لە ڕادەبەدەر:
لە ئاکامدا شینایی زەریا ڕوونمان دەکاتەوە و
لە خوێنجاڕی زەریا و ڕێژنەی گوتەدا بەساردی دەمرین.

بەڵام بێت و بهێڵین پاشایەتیی زمان بڕووخێ و،
بەرلەوەی بمرین جلی زمان و هاژە و هووژەی تەڕی لە لەش داماڵین،
نەک ئەو کاتەی کە مەرگ هاتووە و ناچێتەوە،
ئەگەر ڕووبەڕووی هوروژمی شەوارەی ڕۆژگاری منداڵی ببینەوە و،
بەرەو پیری گوڵی سوور و ئاسمانی تاریک و تەپڵی سەربازان بڕۆین،
ئیتر ئەوسا بێ گومان شێت و مەنگ ئەبین و بەو شێوەیەش ئەمرین.

## The Cool Web

Children are dumb to say how hot the day is,
How hot the scent is of the summer rose,
How dreadful the black wastes of evening sky,
How dreadful the tall soldiers drumming by.

But we have speech, to chill the angry day,
And speech, to dull the rose's cruel scent.

We spell away the overhanging night,
We spell away the soldiers and the fright.

There's a cool web of language winds us in,
Retreat from too much joy or too much fear:
We grow sea - green at last and coldly die
In brininess and volubility.

But if we let our tongues lose self - possession,
Throwing off language and its watery clasp
Before our death, instead of when death comes,
Facing the wide glare of the children's day,
Facing the rose, the drak sky and the drums,
We shall go mad no doubt and die that way.



# دابلیو. ئیچ. ئۆدن (١٩٠٧-٧٣)

ویستان هیوف ئۆدن[1] له سالّی ١٩٠٧دا و له شاری یۆرک لەدایک بوو و، دوای قۆناخی سەرەتایی، له کرایست چێرچ[2]ی سەر بەئاکسفورد دەستی کرد بەخوێندن و، دوای تەواوکردنی ئەم قۆناخە بۆ ماوەی پێنج سالّ مامۆستای قوتابخانە بوو. له ئاژاوە سیاسی و کۆمەلاّیەتییەکانی سییەکاندا هەلّوێستێکی چەپی و تا ڕادەیەک مارکسیستیی گرتەبەر و، لەگەلّ چەند شاعیرێکی تری ئەم سەردەمەدا، وەک مەکنیس[3]، دەی لێویس[4] و سپێندێر[5] قوتابخانەی پیلۆن-یان پێکهێنا، کە دواتر ئیشروود[6]-یش هاوکاری لەگەلّ کردن. ئۆدن بەگشتی بەشاعیری بەرزی بالّی کلاسیستی ئەدەبی بریتانی سییەکانی سەدەی بیستەم دادەنرێ و، له سالّی **١٩٣٩**دا ئەوروپای بەجێهێشت و سالّی **١٩٤٦** بوو بەهاوولاّتییەکی ئەمریکایی. کاریگەرێتیی ئۆدن لەسەر نەوەی پاش خۆی حاشاهەلّنەگرە و، بەرهەمە دواییەکانی لەچاو ئەوانەی سەردەمی لاوێتی خاوەن تایبەتمەندییەکی ئەدەبی و تەنانەت غینایی تر و گشتی ترن. ئۆدن وەکوو مامۆستا و پسپۆڕی کێش و بڕگەی ئینگلیزی دادەنرێ و له فۆرمە کۆنەکانی کێش و سەروا بۆ زمانێکی هاوچەرخ و تازە کەلّکی وەردەگرت.

شیعرە بەناوبانگەکانی ئۆدن بریتین له: **زەمەنێکی دیکە** (١٩٤٠)[7]، کە له خۆگری هەندێ له شیعرە ناسراوەکانیەتی وەک **سیپتامبری ١٩٣٩**[8] و **لایەلایە**[9].

**سەردەمی دلّەڕاوکێ** (١٩٤٨)[10] شیعرێکی درێژی دراماتیکە، کە باسی تەریکیی

1. Wystan Hugh Anden (1907 - 73).
2. Christ Church.
3. Frederick Louis Macnice (1907 - 63).
4. Cecil Day - Lewis (1904 - 72).
5. Stephen Spender (1909 - ).
6. Christopher Isherwood (1904 - 86).
7. *Another Time (1940).*
8. September (1939).
9. Lullaby.
10. *The Age of Aniety (1948).*

مرۆڤی مودێرن دەکا و، بەشەوێک لە بارێکی نیۆیۆرکدا دەست پێدەکات و، بەدەمەوبەیانی لە شەقامەکاندا کۆتایی پێ دێ. **سپەری ئاشیل** (١٩٥٥)[1] بەیەکێ لە بەرهەمە پتەوەکانی دادەنرێ. لە دوابەرهەمەکانیدا، وەک **لە دەوروبەری خانوودا** (١٩٦٧)[2] و **شاری بێ دیوار** (١٩٧٠)[3]، هەندێ بابەتی تاکەکەسی و خۆماڵیی لە سۆنگەی تەکنیکێکی پتەوی کێش و سەرواوە و بەشێوەیەکی مامۆستایانە و شارەزایانە ئاراستە کردووە.

1. *The Shield of Achilles (1955).*
2. *About the House (1967).*
3. *City Withuot Walls (1970).*



## مۆزەخانەی هونەری جوانەکان

سەبارەت بەئازار هەر بەهەڵەدا نەڕۆیشتن.
مامۆستا پێشووەکان
چەندە بەباشی لە پێگەی مرۆیی و شێوەی ڕوودانەکەی تێگەیشتن،
لەو کاتەدا کە کەسێکی تر خەریکی خواردنەوە، دەلاقەیەک ئەکاتەوە و،
یان هەر بێ مەبەست پیاسە ئەکا.
بەساڵاچووەکان، پەرۆشانە،
چاوەڕوانی لەدایکبوونە موعجیزە ئاساکەن.
چەندە تامەزرۆ
بەڵام، بەردەوام ئەبێ منداڵانێ ببن،
بەدەم خلیسکێن بەسەر حەسیڵێکەوە و لە لێواری جەنگەڵێکدا،
حەزێکی ئەوتۆیان لەم ڕووداوە نەبووبێ؛
قەت لە بیرمان نەچۆتەوە
کە تەنانەت شەهادەتی سامناکیش
ئەبێ ڕەوتی خۆی بپێوێ، لە شوێنێکدا، لە گۆشەیەکدا؟
لە شوێنێکی پۆخڵدا
کە سەگەکان ژیانی سەگانەیان ئەبەنە سەر و،
ئەسپی جەللادیش سمتی بێ گوناهی ئەسوێتە درەختێ.

## Musee des Beaux Arts

About suffering they were never wrong,
The Old Masters: how well they understood
Its human position; how it takes place
While someone else is eating or opening a window or just
walking dully along;
How, when the aged are reverently, passionatey waiting
For the miraculous birth, there always must be Children who
did not specially want it to happen, skating
On a pond at the edge of the wood:

They never forgot
That even the dreadful martyrdom must run its course
Anyhow in a corner, some untidy spot
Where the dogs go on with their doggy life and the torturer's horse
Scratches its innocent behind on a tree.

وەک چۆن لە ئیکارووسی برووگل[1]دا
هەموو شتێ بەوپەڕی کەمتەرخەمییەوە
خۆ لە کارەساتەکە لائەدا،
ڕەنگە جوتیار گوێی لە شلّپە و هاوارە بەجێماوەکە بووبێ،
بەلاّم بۆ ئەو دۆڕانێکی گرنگ نەبوو؛
هەتاو، وەک جاری جاران،
بەسەر ئەو لاقە سپییانەی نوقمی ئاوە شینەکە دەبوون تیشکی دەخست؛
ئەو کەشتییە جوان و گرانبایەش
کە ئەبێ ڕووداوێکی سەیری بینیبێ،
(کوڕێ لە ئاسمانەوە دائەکەوێ)
بەرەو شوێنێ ڕۆشت و، وردە وردە بەئاوەکەدا ڕێگای گرتەبەر.

In Brueghel's Icarus, for instance: how everything turns away
Quite leisurely from the disaster; the ploughman may
Have heard the splash, the forsaken cry,
But for him it was not an important failure; the sun shone
As it had to on the white legs disappearing into the green
Water; and the expensive delicate ship that must have seen
Something amazing, a boy falling out of the sky,
Had somewhere to get to and sailed calmly on.

(١) مەبەست تابلۆیەکی پیتربروگلە (٦٩ - ١٥٢٠)، کە وێنەی داکەوتنی ئیکارووسی کوڕی دێدلووس پیشان دەدات، لەو کاتەیدا کە کەوتۆتە نێو زەریا و لاقەکانی دیارن - مۆزەخانەکەش ئەوەی شاری برۆکسێلە، کە ئەم تابلۆیەی تێدایە.



# لە یادی یەیتسدا

١

لە شەختەبەندانی زستاندا لە چاوان ونبوو:
ڕووبارەکان یەکسەر سەهۆڵ و، فڕگەکان چۆڵ،
بەفریش پەیکەرە گشتییەکانی لە قەوارە خستبوو؛
ئاوەنوقرە لە زاری داچۆڕاوا ڕۆچوو.
ئای، هەموو ئامێرەکان لەگەڵ ئەوەدان
کە ڕۆژی مردنی، ڕۆژێکی تاریک و ساردبوو.

دوور لە نەخۆشییەکەی
گەلە گورگ بەنێو جەنگەڵە هەمیشە سەوزەکانا ڕای ئەکرد،
ڕووباری لادێ و لێوارە خنجیلانەکان فێڵیان لە چاوان ئەکرد،
زمانە ئازیەتبارەکان
مەرگی شاعیریان خستە ئەوپەڕی شیعرەکانیەوە.

بەلاّم، بۆ ئەو، وەک خۆی، دوایین پاش نیوەڕۆ بوو،
پاش نیوەڕۆی تیمارکەران و قسەوباس،
هەرێمەکانی جەستەی ڕاپەڕیبوون،
فولکەکانی مێشکی بەتاڵ ببوون،
بێ دەنگی پەلاماری بردە سەر ئەوپەڕی شار،

## In Memory of W. B. Yeats
## (d. Jan. 1939)

1

He disappeared in the dead of winter:
The brooks were frozen, the airports almost deserted,
And snow disfigured the public statues;
The mercury sank in the mouth of the dying day.
What instruments we have agree

The day of his death was s dark cold day.

Far from his illness
The wolves ran on through the evergreen forests,
The peasant river was untempted by the fashionable quays;
By mourning tongues
The death of the poet was kept fro, his poems.

But for him it was his last afternoon as himself,
An afternoon of nurses and rumours;
The provinces of his body revolted,
The squares of his mind were empty,
Silence invaded the suburbs,

شەپۆلی هەستی لە جووڵە کەوت: ڕۆشتە ڕیزی ستایشگەرەکانیەوە،
هەنووکە لەنێو سەدان شاردا بڵاوبۆتەوە و
دەرگای چاوی بەسەر هەموو حەزە نامۆکاندا داخستووە؛
تاکوو لە چەشنە جەنگەڵێکی تردا بەختەوەریی خۆی بدۆزێتەوە و؛
پەیڤەکانی پیاوێکی مردوو
لە ناخی زیندووەکاندا ڕواڵەتێکی دیکە ئەگرنە خۆ.

بەڵام لە گرنگایەتی و ئاپۆرەی بەیانیدا
کاتێ کە سەوداگەران لەسەر عەردی بازاڕی بوورس ئەنەڕێن،
هەژارانیش خاوەنی ئەو ئازارانەن کە دەمێکە ئاشنای لەش و گیانیانە،
هەر کەسیش لە تاریکخانەکەی خۆیدا نەختێ هەست بەئازادی ئەکا،
هەزاران هەزار بیر لە ئاوا ڕۆژێک ئەکەنەوە.
وەک بڵێیی کەسێک لە بیری ئەو ڕۆژەدا بێ کە دەستی دابێتە کارێکی
نەختێ نائاسایی.
ئای، هەموو ئامێرەکان لەگەڵ ئەوەدان
کە ڕۆژی مردنی، ڕۆژێکی سارد و تاریک بوو.

٢

تۆش وەک ئێمە گەمژە بوویت: بەهرەکەت هەر هەمووی زیندوو هێشتەوە؛
هەرێمی ژنە دەوڵەمەندەکان، دارزینی جەستەیی،



خودی خۆت. ئیرلەندی شێت تۆی لە دڵی شیعردا زامدار کرد.
ئێستاکە ئیرلەندە و هەر هەمان شێتی و هەر هەمان کەشوهەوا،
چونکی شیعر هیچ ڕووداوێ ناخوڵقێنێ:
تا هەتایە لە دەربەندی وتەکانیدا ئەمێنێتەوە،

The current of his feeling failed: he became his admirers.
Now he is scattered among a hundred cities
And wholly given over to unfamiliar affections;
To find his happiness in another kind of wood
And be punished under a foreign code of conscience.
The words of a dead man
Are modified in the gust of the living.

But in the importance and noise of to - morrow
When the brokers are roaring like beasts on the floor of the Bourse,
And the poor have the sufferings to which they are fairly accustomed,
And each in the cell of himself is almost convinced of his freedom,
A few thousand will think of this day
As one thinks of a day when one did something slightly unusual.
What instruments we have agree
The day of his death was a dark cold day.

3

You were silly like us: your gift survived it all:
The parish of tich women, physical decay,
Yourself. Mad Ireland hurt you into poetry.
Now Ireland has her madness and weather still,
for poetry makes nothing happen; it survives
In the valley of its making where executives

ئەو شوێنەی کە جەلادەکان هەرگیزاو هەرگیز نەیانوێراوە پێی تێ بنێن؛
بەرەو باشوور شەماڵە ئەکات،
لە پێدەشتەکانی تەنیایی پەژارە سەرقاڵەکانەوە،
لە شارۆچکەکانەوە کە بڕوامان پێیانە و تیایاندا دەژین،

تاهەتایە ئەمێنێتەوە،
بەشێوەی ڕوودواوێ، زارێ.

٣

ئەی زەوی، میوانێکی شکۆدار لە ئامێز بگرە؛
ویلیام یەیتس[1] ڕاکشاوە تا بحەسێتەوە:
تاکوو دەماری ئیرلەندی
لە شیعری بەتاڵ بێتەوە.
زەمەن کە توانای هەڵگرتنی
مرۆڤی ئازا و بێ گوناهی نییە،
لە ماوەی هەفتەیەکدا
سەبارەت بەرواڵەتێکی جوان کەمتەرخەم و بێ ڕەحم دەبێ،
(زەمەن) زمان پەرستشت دەکا و
لەو کەسەی لە گەڵیدا ژیاوە خۆش ئەبێ؛
لە ترسەنۆکی و بڕوای تایبەت خۆش ئەبێ،
سەربەرزییەکانی لەبەر قاچەکانیاندا ڕادەخا.
زەمەن کە بەم بیانووە سەیرە
لە کیپلینگ[2] و بڕواکانی خۆش بوو،
لە پۆل - کلۆدێل[3]-یش خۆش دەبێ،
لەبەر نووسینە جوانەکەی لێی خۆش دەبێ.

Would never want to tamper, flows on south
From ranches of isolation and the busy griefs,
Raw towns that we believe and die in; it survives,
A way of happening, a mouth.

3

Earth, receive an honoured guest:
William Yeats is laid to rest.
Let the Irish vessel lie

1. William Butler Yeats (1865 - 1939).
2. Rudyard Kipling (1865 - 1936).
3. Paul Claudel (1868 - 1955).



Emptied of its poetry.

Time that is intolerant
Of the brave and innocent,
And indifferent in a week
To a beautiful physiqne,

Worships language and forgives
Wveryone by whom it lives;
Pardons cowardice, conceit,
Lays its honours at their feet.

Time that with this strange excuse
pardoned Kipling and his views,
And wiil pardon paul Claudel,
pardons him for writing well.

لە مۆتەکەی تاریکیدا
هەموو سەگانی ئەوروپا ئەوەڕن.
نەتەوە زیندووەکانیش لە چاوەڕوانی دان،
هەریەک لەنێو نەفرەتەکەی خۆیدا گەمارۆ دراوە؛

ڕقی ڕۆشنبیرانە
لە ڕوخساری هەموو مرۆڤێکەوە زەق زەق ئەڕوانێ،
زەریاکانی مەخابنیش
لە هەموو چاوێکدا قفڵ کراوە و چلوورەی بەستووە.

In the nightmare of the dark
All the dogs of Europe bark,
And the living nations wait,
Each sequestered in its hate;

Intellectual disgrace
Stares from every human face,
And the seas of pity lie
Locked and frozen in each eye.

مەوەستە، شاعیر، ئەم ڕێگایە تا سەر بپێوە،
تا ناخی شەو،

بەدەنگی بێ سنوورتەوە
دیسانەوە بمانبە بەرەو سەرمەستی؛

بەدەم کێڵانی شیعرەوە
باخە مێوی نفرینبار بێنە،
لە بێدەنگیی ئازاردا
سروودی دۆڕانی مرۆڤ هەڵکە؛

دەبا هەڵزنێن فوارەکانی تیمار
بەپێدەشتی دڵدا،
لە بەندیخانەی ڕۆژەکانیدا
پیاوی ئازا فێرکە چلۆن ستایش بکا.

Follow, poet, follow right
To the bottom of the night,
With your unconstraining voice
 Still persuade us to rejoice;

With the farming of a verse
Make a vineyard of the curse,
Sing of human unsuccess
In a rapture of distress;

In the deserts of the heart
Let the healing fountain start,
In the prison of his days
Teach the free man how to praise.



## دیلن تامس (٥٣ - ١٩١٤)[1]

دیلن تامس لە سوانزی-ی وێلزدا هاتە دونیاوە و، سەرەتا وەکوو ڕۆژنامەوانێک تا ساڵی ١٩٣٤ خەریکی کارکردن بوو. هەمان ساڵ یەکەمین دیوانی شیعری بەناوی **١٨ شیعر**[2] بڵاوبۆوە. لە لەندەن سەرقاڵی ڕۆژنامەوانی و فیلم چێ کردن و بەرنامەی ڕادیۆیی بوو. شیعری تامس بەهۆی توندیی زۆری وێنەسازی و شاراوەیی پڕ واتاوە باس و خواسێکی زۆری لە کۆمەڵی ئەدەبی ئەودەمەدا هەڵگرساند و تامس، کە تەنها شاعیری مەزنی نیێئۆرمانتیسیست[3]-ی بریتانییە، کلاسیزمەکەی ئیلیۆت و قوتابخانەکەی ڕەت دەکردەوە. بڵاوبوونەوەی کتێبی **مەرگەکان و دەرگاکان** (١٩٤٦)[4]، کە لە خۆگری چەندین شیعری بەناوبانگی تامس بوو، تامس-ی زۆرتر لە جاران بەخەڵک ناساند و، ڕووبەڕووی جەماوەرێکی زۆری خوێنەر بۆوە. **کۆی بەرهەمە شیعرییەکان** (١٩٥٢)[5] بەشێوەیەکی کەم وێنە دڵخوازی خەڵک بوو و چەندجار چاپ کرایەوە. **نەخشەی ئەوین** (١٩٣٩)[6]، کە تێکەڵاوێکە لە شیعر و پەخشان و، هەروەهاش، **لەژێر جەنگەڵی شیریدا** (١٩٥٤)[7] کە شانۆیەکی ڕادیۆیییە و یەکەم جار ٢٥ی جانیوەریی ١٩٥٤ لە ڕادیۆی BBC بڵاوبۆوە، بەدوو بەرهەمی سەرکەتووی تامس ئەژمێردرێن. چەند کورتە چیرۆکێکی خۆژیاننامەییشی لە کتێبی **وێنەی هونەرمەند وەکوو سەگێکی لاو** (١٩٤٠)[8] کۆ کردۆتەوە. وێنەسازیی نوێ و وشە لە شیعری تامسدا شان بەشانی نموونەیەکی ڕێکوپێکی خەیاڵی دەچنە پێش و، تێمی سەرەکیی شیعرەکانی یەکێتیی ئەنداموارى زیندەوەرەکان و ڕەوتی بەردەوامی ژیان و مەرگە. ئورگانیزمە سروشتییەکان لە سۆنگەی ئاوەڵناو و کێش و مۆسیقای

1. Dylan Thomas (1914 - 53).
2. *18 Poems (1934).*
3. Neo - Romanticist.
4. *Deaths and Entrances (1946).*
5. *Collected Poems (1952).*
6. *The Map of Love (1939).*
7. *Under Milk Wood (1954).*
8. *Porait of the Artist as a Young Dog (1940).*

جۆراوجۆرەوە لە شیعری تامسدا ڕەنگی داوەتەوە. گرنگیدان بەسەردەمی منداڵێتی و ژینگەی لادێیی و سروشتی خاوێن و بێگەرد و بایەخدان بەپێداویستییە سەرەکییەکانی مرۆڤ، مۆتیڤە بەرچاوەکانی شیعری تامس پێکدێنن. دیلن تامس گوتەزانێکی لەبەردڵان، مەی نۆشێکی لە ڕادەبەر و مرۆڤێکی ئازا و بێ باک بوو، لە سێیەمین سەفەریدا بۆ ئامریکا لە نوڤامبری ١٩٥٣دا لەناکاو بەهۆی وەستانی دڵەوە جوانەمەرگ بوو.



## تەپۆڵکەی کاج

ئەو کاتەی گەنج و ئاسوودە بووم لە ژێر لق و پۆپی سێودا و
لە دەوروبەری خانووی سەرخۆشدا، شادبووم بەقەد سەوزیی چیمەن.
شەوی سەر ئاسمانی قووڵی ئەستێراوی،
زەمەن مەودای دامێ تاکوو هاواری شادی بکەم و هەڵزنێم،
زێڕ ئاسا لە ڕۆژگاری شادیی چاوەکانیدا،
شانازبووم بەوەی لەنێو واگۆنەکاندا من شازادەی شاری سێو بووم؛
یادی بەخێر ئەو سەردەمەی وەکوو لۆرد
درەخت و گەڵاکانم لەگەڵ گوڵەبەڕۆژە و گوڵەجۆدا تێک دەئاڵاند،
لە خوار ئەو ڕووبارانەی تیشکی میوەی داکەوتوویان لێوە دیاربوو.

ئەو کاتەش کە سەوزبووم و شاد و بێ مەترسی،
ناوداربووم لەنێو کایەنی تەنیشت حەسارە شادەکەوە و
گۆرانیم دەوت کاتێ مەزارش ماڵمان بوو؛
لەبەر خۆرەتاودا، کە تەنیا جارێ گەنجە،
زەمەن مەودای دامێ گەمە بکەم و
تریفە پۆشی تیشکی میهرەبانی بم؛
سەوز سەوز، زێڕین، نێچیرڤان و شڤان بووم

## Fern Hill

Now as I was young and easy under the apple boughs
About the lilting house and happy as the grass was green,
The night above the dingle starry,
Time let me hail and climb
Golden in the heydays of his eyes,
And honoured among wagnos I was prince of the apple towns
And once below a time I lordly had the trees and leaves
Trail with daisies and barley
Down the rivers of the windfall light.

And as I was green and carefree, famous among the barns
About the happy and singing as the farm was home,
In the sun that is young once only
Time let me play and be
Golden in the mercy of his means,
And green and golden I was huntsman and herdsman, the
calves

ئاژەڵەکان بەبلوێری منەوە گۆرانییان دەچڕی،
ڕێوییەکانی سەر تەپۆڵکە نووزەیەکی سارد و ئاشکرایان دەهات.
شەممەی پیرۆزیش هێدی هێدی
لە پاڵ زیخ و چەوی ڕووبارە پیرۆزەکاندا زرینگەی دەهات.

لە سەرتاسەری ڕۆژدا، هەموو شتێ بەم چەشنە بوو، خۆش بوو،
وێنجەزارەکان بەرز بوون بەقەد خانووەکان،
قاقای دووکەڵ کێشەکان هەوای پڕ کردبوو.
گەمەی دەکرد و خۆشەویست و ئاوئاژن بوو.
ئاگریش بەوێنەی چیمەن سەوز بوو.
شەوانەش لەژێر ئەستێرە ساکارەکاندا
کاتێ خەون ئەبوو بەمیوانی چاوانم، کوندە پەپووەکان مەزرایان بەجێ ئەهێشت،
سەرتاسەری مانگەشەو، لەنێو گەوڕەکاندا لێواو لێو بووم لە شادییەکی پیرۆز و
دەنگی باڵندەکانی شەوم دەبیست کە شەقەی باڵیان دەهات و لە فڕیندا بوون،
ئەسپەکانیش لەنێو تاریکیدا ئەدرەوشانەوە.

پاشان، بۆ بێدار بوون لە خەو،
مەزراکە ئەهاتەوە، کەڵەشێر لەسەر شان و
وەکوو گەڕیدەیەکی سپی پۆشی شەونم؛

Sang to my hour, the foxes on the hills barked clear and cold,
And the sabbath rang slowly
In the pebbles of the holy streams.

All the sun long it was tunning, it was lovely, the hay



Fields high as the house, the turnes from the chimneys, was air
And playing, lovely and watery
And fire green as grass.
And nightly under the simple stars
As I rode to sleep the owls were bearing the farm away,
All the moon long I heard, blessed among stables, the night - jars
Flying with the ricks, and the horses
Flashing into the dark.

And then to awake, and the farm, like a wanderer white
With the dew, come back, the cock on his shoulder: it was all

هەموو شوێنێ ئەدرەوشایەوە، ئەتگوت ئادەمە و خێزانەکەی،
ئاسمان دیسانەوە کۆبۆوە و
خۆرەتاویش خەریکی پێوانی کەوانەکەی بوو.
کەوایە، ئەبێ پاش لە دایکبوونی یەکەم تیشکی ساکارەوە بووبێ
کە لە جۆلاّخانەدا، ئەسپە ئەفسووناوییەکان
بەگەرمی لە گەوڕە سەوزە بەکۆڕژنەکانەوە دەهاتنە دەرێ و
بەرەو مەزراکانی ستایش دەکەوتنە ڕێ.

شاناز بووم بەوەی لەنێو ڕێوی و قەلی تەنیشت
خانووی شادی ژێر هەور تازە گرساوەکاندا بووم،
بەکەیف بووم بەو چەشنەی دڵم هەر لە گەنجێتیدا بوو.
لەبەر ئەو هەتاوەی بەردەوام لەدایک دەبوو
ڕێگا لام سەر لاکانم خێرا دەپێوا.
ئاواتەکانم بەنێو ئەو خانووەی بەقەد وێنجەکان بەرزبوو پێشبڕکێیان دەکرد،
لە مامەڵەی شینی ئاسمانەکەمدا، هیچم لا گرنگ نەبوو،
بەم چەشنە بەوەرچەرخانە پڕ لە مۆسیقاکەیەوە،
بەدەگمەن گۆرانیی بەیانیانی دەداینێ، داخەکەم بەدەگمەن،
پێش ئەوەی منداڵە سەوزە زێڕینەکان وەدوای کەون، بەڵام شکۆشکاو.
هیچم لا گرنگ نەبوو، لە ڕۆژگاری سپێتیدا بەوێنەی بەرخ،

Shining, it was Adam and maiden,

The sky gathered again
And the sun grew round that very day.
So it must have been after the birth of the simple light
In the first, spinning place, the spellbound horses walking warm
Out of the whinnying green stable
On to the fields of praise.

And honoured among foxes and pheasants by the gay house
Under the new made clouds and happy as the heart was long,
In the sun born over and over,
Iran my heedless ways,
My wishes raced through the house high hay
And nothing I cared, at my sky blue trades, that time allows
In all his tuneful turning so few and such morning songs
Before the childern green and golden
Follow him out of grace,

Nothing I cared, in the lamb white days, that time would take me

زەمەن ئەمبا بەرەو سەر، بەرەو ژووری قەرەباڵغی پڕ لە باڵندە،
لە تەنیشت سێبەری دەستمەوە،
لەو مانگەیدا کە هەڵدێ و هەڵدێ،
چیدی بەرەو نووستن نابمەوە و
دەنگی فڕینی مانگ لەگەڵ مەزرا بەرزەکاندا ئەبیسم،
لەو مەزرایەی بێدار ئەبمەوە کە هەتا هەتایە لە پێدەشتی منداڵی هەڵاتووە.
ئای، ئەو کاتەی کە گەنج و ئاسوودە بووم لە بەخششی زەمەندا،
زەمەن بەسەوزی گیانی لێ ستاندم
گەرچی بەوێنەی زەریا لە زنجیرەکانیدا گۆرانیم دەچڕی.

Up to the swallow thronged loft by the shadow of my hand,
In the moon that is always rising,
Nor that riding to sleep
I should hear him fly with the high fields
And wak to the farm forever fled from the childless land.
Oh as I was young and easy in the mercy of his means,
Time held me green and dying



Though I sang in my chains like the sea.

## بەئارامی خۆت مەسپێرە بەو شەوە خۆشە

بەئارامی خۆت مەسپێرە بەو شەوە خۆشە،
بەساڵاچووەکان ئەبێ لە کۆتایی ڕۆژدا بسووتن و ئازار بکێشن،
تووڕە بە، تووڕە دژی لەناوچوونی ڕووناکی.

گەرچی پیاوگەلی زانا لە کۆتایی تەمەندا تێدەگەن کە تاریکی ڕاستە،
بەڵام چونکی گوتەکانیان هەڵگری ڕۆشنگەری نەبووە،
بەئارامی خۆیان نادەنە دەستی ئەو شەوە خۆشە.

پیاوچاکان، لە دوا شەپۆڵی ژیاندا، چەندە بەڕوونی ئەسرین ئەبارێنن،
ڕەنگە کردارە بێهوودەکانیان لە کەنداوێکی سەوزدا سەمای کردبێ،
تووڕە بە، تووڕە دژی لەناوچوونی ڕووناکی.

پیاوە سەرشێتەکان، کە لە فڕیندا هەتاویان گرت و سترانیان هەڵدا،
زۆر درەنگ، پێ دەزانن لەسەر ڕێگاکەی پەژیوان بوونەتەوە،
بەئارامی خۆیان نادەنە دەستی ئەو شەوە خۆشە،

## Do Not Go Gentle into That Good Night

Do not go gentle into that good night,
Old age should burn and rave at close of day;
Rage, rage againts the dying of the light.

Though wise men at their end know dark is right
Because their words had forked no lightning they
Do not go gentle into that good night.

Good men, the last wave by, crying how bright
Their frail deeds might have danced in a green bay,
Rage, rage againts the dying of the light.

Wild men who caught and sang the sun in fliught,

And learn, too late, they grieved it on its way,
Do not go gentle into that good night.

پیاو ماقوولانی سەرەمەرگ، بەڕوانینی کوێرەوە
چاوە کوێرەکان سەیر ئەکەن کە وەکوو نێزەک بریسکەیان دێ و شادمانن،
تووڕە بە، تووڕە دژی لەناوچوونی ڕووناکی.

تۆش، باوکی خۆم، تۆ بیت و خوا لەو بەرزاییە غەمبارەوە
نفرینم بکە، دۆعام بۆ بکە، بەڕێژنەی فرمێسکتەوە؛
بەئارامی خۆت مەسپێرە بەو شەوە خۆشە،
تووڕە بە، تووڕە دژی لەناوچوونی ڕووناکی.

Grave men, near death, who see with blinding sight
Blind eyes could blaze like meteors and be gay,
Rage, rage againts the dying of the light.

And you, my father, there on the sad height,
Curse, bless, me now with your fierce tears, I pray.
Do not fo gentle into that good night.
Rage, rage against the dying of the light.



# فیلیپ لارکین (١٩٨٥ - ١٩٢٢)[1]

فیلیپ لارکین لە کاڤێنتی لەدایک بوو و دوای تەواوکردنی قوتابخانە چووە کۆلیژی سەینت جان-ی زانکۆی ئاکسفۆرد و، بۆ ماوەی چەند ساڵ کتێبداری کتێبخانەی زانکۆی هاڵ بوو. یەکەمین دیوانە شیعری، بەناوی **کەشتیی باکوور** (١٩٤٥)[2]، لەژێر کاریگەرێتیی قووڵی یەیتس دابوو. دواتر کە **کۆی بەرهەمە شیعرییەکان** (١٩٣٠)[3]ی تامس هاردی-ی خوێندەوە، وەک هاردی دەستی کرد بەنووسینی ڕۆمان؛ **ڕۆمانگەلی ژیل** (١٩٤٦)[4] **کچێک لە زستاندا** (١٩٤٧)[5] بەرهەمی ئەم دەورەیەن. لارکین تەوەرەی سەرەکیی ئەو بزاڤە بوو کە بە«جووڵە» [6] ناوی دەرکردبوو؛ بەرهەمەکانی لە کتێبی **دێرەنوێکان** (١٩٥٦)[7]دا بڵاوکرایەوە. ئەم کتێبە هەڵبژاردەی شیعری شاعیرانی بزاڤی «جووڵە»ی لە خۆ گرتبوو. لەم ماوەیەدا، بەدوور لە دەروەستییە عیرفانی و لۆژیکەکان، هەروەک فەلسەفەی مودێرن خاوەن ڕوانگەیەکی ئەزموونی بۆ دیاردەکان بوو. چەند شاعیرێکی دیکەی بزاڤی ناوبراو بریتین لە دونالد دەیڤی[8]، کینگزیلی ئەمیس[9] و تام گان[10]. لە کۆمەڵە شیعری **پەنجەرە بەرزەکاندا** (١٩٧٤)[11] مۆتیفی مەرگ و پەڕینەوە لەم جیهانە وەبەر چاو دەکەوێ.

لارکین و بزاڤی «جوڵە» خۆیان نزیک بەچاسر[12]، وۆردزوۆرس[13] و هاردی

1. Philip Larkin (1922 - 85).
2. *The North Ship (1945).*
3. *The Collected Poems (1930).*
4. *Jill (1946).*
5. *A Girl in winter (1947).*
6. Movement.
7. *New Lines (1956).*
8. Donald Davey (1922 - ).
9. Kingsley Amis (1922 - ).
10. Thom Gunn (1929 - ).
11. High Windows (1974).
12. Geofrey Chaucer (1342 - 1400).
13. William Wordsworth (1770 - 1850).

هەست پێدەکرد و، لەگەڵ مودێرنیزمەکەی ئیزراپاوند و ئیلیۆتدا، کە هەردووکیان بەرەچەڵەک ئامریکایی بوون، ناتەبا و ناکۆک بوو. لارکین بۆ خۆی هەوڵی دا تاکوو گوتەی ڕۆژانە و کێشی جەماوەری بێنێتە ناو شیعرەوە و بەشاعیری سەردەمی پاش ئیمپریالی بریتانیا[1] دادەنرێ، کە بەوردی ئەو بارودۆخەی نواندۆتەوە. لە **شیعری ئینگلیزیی سەدەی بیستەم**[2]دا، زۆرتر شاعیر بریتانییەکانی دەستنیشان کردووە و، ئەم کارەش بووە هۆی سەرهەڵدانی مشتومڕێکی زۆر.

1. Postimperial Britain.
2. *The Oxford Book of Twentieth - Century English Verse (1973).*



## پەیڤین لەسەر سەرین

ئەبێ چەندە خۆش بێ پەیڤین لەسەر سەرین،
پێکەوە نووستن لەوێ ئەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوویەکی دوورە دەست،
ئەمەش نیشانی یەکڕەنگیی دوو کەسە.

بەڵام زەمەن هێدی هێدی تێدەپەڕێ بەبێ دەنگی.
لە دەرەوە، بێ قەراریی بەرەبەرەی با
هەوری ئاسمانی گەواڵە کردووە و، پاشان، پەرتەوازە،

شارۆچکە تاریکەکانیش کۆبوونەتەوە لەسەر ئاسۆ.
هیچیان خەمی ئێمەیان نییە، هیچیان دەری ناخەن
بۆ لەم دوورترین مەودای تەریکییەوە

دۆزینەوەی ئەوانەی تێکڕا ڕاست بن و میهرەبان،
یان ناڕاست نەبن و نامیهرەبان،
دژوار و دژوارتر ئەبێتەوە.

## Talking in Bed

Talking in bed ought to be easiest,
Lying together there goes back so far,
An emblem of two people being honest.

Yet more and more time passes silently.
Outside, the wind's incomplete unrest
Builds and disperses clouds about the sky,

And dark town heap up on the horizon.
None of this cares for us. Nothing shows why
At this unique distance from isolation

It becomes still more difficult to find
Words at once true and kind,
Or not untrue and not unkind.

## هەنگاوە خەمینەکان

پاش ئاودەستێ، خۆم فڕێ دەدەمەوە نێو قەرەوێڵە و
پاشان پەردە ئەستوورەکان لا ئەدەم و
هەورە خێراکان و درەوشانەوەی مانگ دەمهەژێنێ.

چواری دەمەوبەیانە: باخ و باخات بەسێبەری وەستاوەوە
لەژێر ئاسمانی بابردووی ئەشکەوتاویدا ڕاکشاون.
شتێکی ئەم دیمەنە گاڵتە ئامێزە،

ئەو شێوەی مانگ خۆ دەهاوێتە نێو هەورەکانەوە
ئەڵێی دووکەڵی بەجێماوی لوولەی تۆپە بەسستی سەر ئەکا ،
(تیشکی خۆڵەمێشینە نەختێ دار و دیوار ڕووناک ئەکاتەوە)

ئەی لەوزییە بەرز و قۆڕ و تەریکەکەی عەشق!
مەدالیای گەورەی هونەر!
ئای گورگەکانی بیرەوەری! چەندە پڕشکۆیە! نا ،

## Sad Steps

Groping back to bed after a piss
I part thick curtains, and am startled by
The rapid clouds, the moon's cleanliness.

Four o'clock: wedge - shadowed gardens lie
Under a cavernous, a wind - picked sky
There's something laughable about this,

The way the moon dashes through clouds that blow
Loosely as cannon - smoke to stand apart
(Stone - coloured light sharpening the roofs below)

High and preposterous and separate -
Lozenge of love! Medallion of art!
O wolves of memory! Immensents! No



یەکێ وردە وردە هەڵدەلەرزێ و سەیری ئاسمان ئەکا.
سەخڵەتی، درەوشاویی، پێدەشتی بەرینی تەنیایی،
ئەو نیگا زەق و بێ بڕانەوە.

هەموو هێز و ئازاری گەنجێتی دێنیتەوە یاد ،
کە ڕۆیشتووە و نایەتەوە،
بەڵام، لە شوێنێکدا بۆ دیتران قەت نەکوژاوەتەوە.

One shivers slightly, looking up there.
The hardness and the brightness and the plain
Far - reaching singleness of that wide stare

Is a reminder of the strength and pain
Of being young; that it can't come again,
But is for others undiminished somewhere.

## تێد هیوز (۹۹ - ۱۹۳۰)[1]

تێد هیوز لە ساڵی ۱۹۳۰دا و لە یۆرکشایر لەدایک بوو. لە کۆلیژی پێمبرۆکی زانکۆی کەمبریج دەستی کرد بەخوێندن و، لەوێ لەگەڵ سیلیڤیا پلەت[2]ی شاعیری ئامریکایی ئاشنا بوو، کە دواتر لە ساڵی ۱۹۵٦دا پێکەوە ژیانی هاوسەرییان دەست پێکرد. ئارەزووی زۆری هیوز بۆ حەیواناتی وەحشی و جوانی و توندوتیژیی سروشت لە یەکەم کۆمەڵە شیعریدا، بەناوی **قۆش لە باراندا** (۱۹۵۷)[3] ڕەنگی داوەتەوە. لەم شیعرانەدا کاریگەرێتیی کتێبی باڵندە، **دڕندە و گوڵ**[4]ی لارێنس بەسانایی وەبەر چاو ئەکەوێ. وەسفە تازە و هەژێنەرەکانی هیوز لە پڵەنگ و حەیوانەکانی تر تێکڕا خوازەگەلێکیان پێکهێناوە کە لەواندا هەر زیندەوەرێک بەچەشنێ گرێ دراوە بەهێزووزە بنچینەییەکانی ئەزموونی مرۆڤ و حەیوانات. لە کتێبی **قاڵاو** (۱۹۷۰)[5]دا ڕیالیزم و کێشی سوننەتیی شیعری وەلانا، لەم کۆمەڵە شیعرەدا، قاڵاو هێمای سەرەکیی شیعرەکان پێکدێنێ. هیوز لەم بەرهەمەدا بەدیهاتنی جیهان و لەدایکبوونی مرۆڤێ لە زاری قاڵاوێکی گاڵتەکەر و تاڵانکارەوە گێڕاوەتەوە. **ڕووبار** (۱۹۸۳)[6]، کۆمەڵە شیعرێکە باسی ژیانی قەراخ ڕووبار و تایبەتمەندییەکانی ڕووبار و پێکهاتەکانی دەکا؛ هیوز لەم بەرهەمەیدا نەرمی و خاوێنی و لە هەمان کاتدا دڕندەیی سروشت پیشان دەدات. هیوز حەزی زۆری لە کۆنینەناسی و ئەفسانە و ئوستوورە سەیر و سەمەرەکان ئەکرد و ئەمەش لە شیعرەکانیدا دەرکەوتووە. شیعری هیوز بە«شیعری حەیوانات»[7] و «شیعری شوێنناسانە»[8] ناوی دەرکردووە و دواتر بایەخیشی دا بەسروشت و، بەشێوە

1. Ted Hughes (1930 - 99).
2. Sylvia Plath (1923 - 63).
3. *The Hawk in the Rain (1957).*
4. *Birds, Beasts and Flowers (1923).*
5. *Crow (1970).*
6. *River (1983).*
7. Animal Poetry.
8. Topographical potry



ڕوانینی تایبەتی خۆیەوە خەریکی خوێندنەوەی سروشت بوو، هیوز لە ساڵی ۱۹۸۵، پاش مەرگی جان بێتجەمن،[1] بوو بە مەلیکی شاعیرانی بریتانیا و لە ساڵی ۱۹۹۹دا مۆمی ژیانی کوژایەوە.

1. John Betjeman (1906 - 84).

## ئاییناسی

نا ، ڕەشمار
حەوای نەخەڵەتاند بۆوەی سێو بخوات؛
ئەمانە هەموو
تەنیا چەواشەکردنی ڕاستییەکانە ،

ئادەم سێوی خوارد ،
حەوا ئادەمی خوارد ،
ڕەشمار حەوای خوارد
ئەمەش ڕیخۆڵە تاریکەکەیە.

ڕەشمارەکە ، هەنووکە ،
پاش خواردنەکەی لە بەهەشتدا نووستووە ،
بزە لەسەر لێو
دەنگی ناڕەزایەتیی خوا ئەبیسێ.

## Theology

No, the serpent did not
Seduce Eve to the apple;
All that's simply
Corruption of the facts.

Adam ate the apple,
Eve ate Adam,
The serpent ate Eve.
This is the dark intestine.

The serpent, meanwhile,
Sleeps his meal off in paradise -
Smiling to hear
God's querulous calling.



## حەوت خەم

یەکەم خەمی پاییز
ماڵئاوایی هێمنی باخە
کە دەمێکە لە ئێوارەدا ڕاوەستاوە –
هەڵاڵەیەکی قاوەیی،
ناوقەدی گوڵە سۆسەن،
کە ئیتر پێی ڕۆیشتنیان نییە.

خەمی دووەم
قاچی بێ دەسەڵاتی
قەرقاوڵە کە لەگەڵ براکانیدا بەقولاپێکەوە ئاوێزانە.
بێشەی ئاڵتوونی
کە لەنێو پەڕ و پۆدا چەماوەتەوە و
سەریشی لە جانتایەکدایە.

خەمی سێیەمیش
ماڵئاوایی هێمنی خۆرە تاوێکە
کە باڵندە و چرکەکانی ئێوارەی کۆ کردۆتەوە،
زەوینی زێڕین و پیرۆزی
ئەم دیمەنە.

## The Seven Sorrows

The first sorrw of autumn
Is the slow goodby
Of the garden who stands so long in the evening -
A brown poppy head,
The stalk of a lily,
And still cannot go.

The second sorrow
Is the empty feet
Of the pheasant who hangs from a hook with his brothers.
The wooldland of gold.
Is foldedin feathers
With its head in a bag.

And the third sorrow
Is the slow goodbye
Of the sun who has gathered the birds and who gathers
The minutes of evening,
The golden and holy
Ground of the picture.

خەمی چوارەم
حەوزێکی ڕەش هەڵگەڕاوە
کە شاری ئاوی وێران و نغرۆ کردووە –
کۆشکی قالۆنچە.
گۆڕیچەی مێشە سەگانە.

خەمی پێنجەم
ماڵئاوایی هێمنی بێشەزارە
کە هێور هێور ڕەشماڵ هەڵدەدا.
ڕۆژێکی تێپەڕیوە،
تەنیا کەژاوە ماوەتەوە و
هێزم و پۆپەی ڕەشماڵەکان.

خەمی شەشەم
خەمی ڕێوییە
شادیی ڕاوچییە، شادیی تانجییە،
کاتی سمکۆڵانە و،
گوێی زەوی
لە نزای ڕێوی نزیک ئەبێتەوە.



The fourth sorrow
Is the pond gone black
Ruined and sunken the city of water -
The beetle's palace,
The catacombs
Of the dragonfly.

And the fifth sorrow
Is the slow goodbye
Of the woodland that quietly breaks up its camp.
One day it's gone.
It has left only litter -
Firewood, tentpoles.

And the sixth sorrow
Is the fox’s sorrow
The joy of the huntsman, the joy of the hounds,
The hooves that pound
Till earth closes her ear
To the fox’s prayer.

خەمی حەوتەمیش
ماڵئاوایی هێمنی ڕوومەتی چرچ و لۆچە
کە لە پەنجەرەوە ئەڕوانێ.
لەوکاتەی دا کە ساڵ
بار ئەکا و بەپەلە ئەڕوا،
بەوێنەی سیرکی ئەو ئەسپە کورتانەی
بۆ لای منداڵان هاتبوون

And the seventh sorrow
Is the slow goodbye
Of the face with its wrinkles that looks through the window,
As the year packs up
Like a tatty fairground
That came for the children.

# شیمووس هینی (   - ١٩٣٩)[1]

شیمووس هینی لە بنەماڵەیەکی کاتۆلیک و لە ناوچەی پرۆتیستان نشینی باکووری ئیرلەندا لەدایک بوو. پاش تەواوکردنی قۆناخی سەرەتایی خوێندن، سەرەتا لە کۆلیژی سەینت کالوم[2] و پاشان لە زانکۆی کوین[3]ی شاری بێلفاست دەستی کرد بەخوێندن و، ئێستا مامۆستای کەلام و گوتەزانیی زانکۆی هارڤارد و مامۆستای شیعری زانکۆی ئاکسفۆردە. ڕەگ و ڕیشەی شیعری هینی لە ژیان و ژینگەی لادێیی سەردەمی لاوێتی دایە و، هەروەک دەرئەکەوێ، مۆرکی تایبەتیی شیعرەکانی ئیجازی وشە و وێنەسازیی بەهێزە. ساڵی **١٩٩٥** خەڵاتی نۆبێلی ئەدەبی پێ بەخشرا و، بەوتەی ڕابرت لۆوێل[4]، شاعیری ئامریکایی، هینی مەزنترین و باشترین شاعیری ئیرلەندی دوای یەیتسە.

یەکەم دیوانە شیعرەکانی بریتین لە **مەرگی سروشتی خوازێک** (١٩٦٦)[5] و **دەرگایەک بەرەو تاریکی** (١٩٦٩)[6]. لە شیعرە دواییەکانیدا ڕووی کردووە بەلای کاربردە مێژوویی و کولتوورییەکانی وشە و زمان و، هەروەها، تێکەڵکردنی سیاسەت و سوننەت؛ ئەم تایبەتمەندییەی دوایی لە کۆمەڵە شیعری **باکوور** (١٩٧٥)[7] و **کاری سەرزەوی** (١٩٧٩)[8]دا بەرجەستە کراوەتەوە. هینی لە یەکێ لە دوا بەرهەمە گرنگەکانیدا، واتە لە کتێبی **حکوومەتی زمان** (١٩٨٩)[9]دا تیشکی خستۆتە سەر دەوری شاعیر لە کۆمەڵگایەکی پاوانخوازانە و دەسەڵاتخوازانەدا.

1. Seamus Heaney (1939 -  ).
2. St Columb’s College.
3. Queen’s University.
4. Robert Lowell (1917 - 77).
5. *Death of a Naturalisty (1966).*
6. *Door into the Dark (1969).*
7. *North (1975).*
8. *Field word (1979).*
9. *The Gorernment of the Tongue (1989).*



## کەندن

قەڵەمێکی کورت و ئەستوور،
بەئاسوودەیی تفەنگێک،
لەنێو قامکەکانمدا ئۆقرەی گرتووە.

لەژێر پەنجەرەکەمدا،
دەنگی ناحەزی خاکەناز دێتەگوێم
کە دەچێتە ناخی زەوینی پڕ کوچک و کلۆ،
باوکم، خەریکی کەندنە، سەیری خوارەوە ئەکەم و

پشتی زەحمەتکێشی ئەبینم لەنێو باخەکاندا
ئەچەمێتەوە و ڕاست ئەبێتەوە،
بەو چەشنەی بیست ساڵ لەوەو پێش
کە خەریکی کەندن بوو و، لەنێو هێڵەکانی پەتاتەدا
پەیتا پەیتا ئەچەمایەوە.
قۆنەرە دزێو و زلەکانی لەسەر تیغی خاکەنازەکە هێلانەی کردبوو،
دەستەی خاکەناز کە پاڵی دابوو بەئەژنۆیەوە و توند هەڵدەهاتەوە
گەڵا درێژەکانی هەڵدەکێشا،
دەمی درەوشاوەی خاکەنازی ئەکرد بەنێو زەویدا،
بۆوەی ئەو پەتاتانە بڵاوکاتەوە کە ئێمە تازە چنیبوومان؛
ئێمەش زبریی ساردی پەتاتەکانمان ئەوینباران دەکرد.

## Digging

Between my finger and my thumb
The squat pen rests; snug as a gun.

Under my window, a clean rasping sound
When the spade sinks into gravelly ground:
My father, digging. I look down

Till his straining rump among the flowerbeds
Bends low, comes up twenty years away
Stooping in rhythm through potato drills
Where he was digging.

The coarse boot nestled on the lug, the shaft
Against the inside keen was levered firmly.
He rooted out tall tops, buried the bright edge deep
To scatter new potatoes that we picked
Loving their cool hardness in our hands.

سوێندم بەخوا، پیرەمێرد ئەیتوانی خاکەناز لەدەست بگرێ،
ڕاست وەکوو باوکی پیری.

باپیرم، لە ماوەی ڕۆژێکدا،
زۆرتر لە هەمووان خەڵووزی زەلکاوی تۆنەری ئەبڕی.
جارێکیان لە بتڵێکدا شیرم بۆ برد،
سەری بتڵەکە نابەڵەدانە بەسترابوو.
ڕاست بۆوە و خواردیەوە، دەم و دەست هەڵچۆوەوە
بڕینی خەڵووزەکان بەرێک و پێکی.
بەسەر شانیدا کوچک و کڵۆی چیمەنی فڕێ ئەدا،
بۆ وەدەستهێنانی خەڵووزی چاک
دەیکەند و دەچووە خوارێ.

بۆنی فێنکی خاکە پەتاتە،
دەنگی بەردە خەڵووزی تەڕ و نەگەیشتوو،
بڕینی شانەکانی نێو ڕیشە زیندووەکان تێکڕا لەسەرمدا بێدار ئەبنەوە.
بەڵام من خاکەنازێکم نییە کە ڕێڕەوی ئەم چەشنە پیاوانە بم.

لەنێوان قامکەکانمدا
قەڵەمێکی کورت و ئەستوور ئۆقرەی گرتووە.
کەندنی منیش بە مەیە.



By God, the old man could handle a spade.
Just like his old man.

My grandfather cut more turf in a day
Than any other man on Toner’s bog.
Once I carried him milk in a bottle.
Corked sloppily with paper. He straightened up
To drink it, then fell to right away
Nicking and slicing neatly, heaving sods
Over his shoulder, going down and down
For the good turf. Digging.

The cold smell of potato mould, the squelch and slap
Of soggy peat, the curt cust of an edge.
Through living roots awaken in my head.
But I’ve no spade to follow men like them.

Between my finger and my thumb
The squat pen rests.
I’ll dig with it.

# کرێگ ڕەین (   - ١٩٤٥)[1]

کرێگ ڕەین ساڵی ١٩٤٥ لە شارۆچکەی شیلدنی سەر بەکاونتی دووهەم لەدایک بوو و، پاش تەواوکردنی قۆناخی سەرەتایی خوێندن، لە کۆلیژی ئیکستێر[2]ی زانکۆی ئاکسفۆرد دەستی کرد بەخوێندن. ماوەیەک هەر لەو زانکۆیەدا وەکوو مامۆستا مایەوە و، لە ساڵی ١٩٨١ تا ١٩٩١ سەرنووسەر و سەرپەرشتیاری دەزگای چاپ و پەخشی فەیبر ئەندفەیبر[3] بوو (هەمان دەزگا کە ئیلیۆت پێشتر لەوێ بوو).

کرێگ ڕەین لە شیعردا خاوەن ڕوانگەیەکی بابەتییانە و تەنانەت بنەماخوازانەشە و، چەندین خوازەی تێکەڵ و سەیر لە شیعرەکانیدا دووبارە بوونەتەوە. شیعری ڕەبن زۆرتر لە شیعری هەر شاعیرێکی ئەورۆ کە تام و چێژی داوەتە خوێنەر و، تەنانەت بەم دواییانەش «قوتابخانەی مەریخی»[4]ی شیعر کەوتۆتە گەڕ.

1. Craig Raine (1945 - )
2. Exeter College.
3. Faber and Faber Publishing House.
4. Martian School.



## مەریخییەک بۆماڵەوە کارتپۆستاڵ ئەنێرێ

کاکستۆنەکان[١] باڵندە گەلێکی میکانیکین بەسەدان باڵەوە و
برێکیان بەهۆی ڕەنگەوە خۆشەویستی خەڵکن.

ئەبنە هۆی توانەوەی چاوەکان
یان ئەوەی جەستەیەک بەبێ ئێش هاوار بکا.

قەت نەمبینیوە یەکێکیان بفڕێ،
بەڵام هەندێ جار لەسەر دەست ئەنیشنەوە.

تەم و مژ واتە ئەو کاتەی کە ئاسمان لە فڕین ماندووە و
ئامێرە نەرمەکەی لەسەر زەوی ڕادەخا:

پاشان جیهان تار و کتێب ئاسا ئەبێ
بەوێنەی گراڤێری ژێر کاغەزی چاپ.

## A Martian Sends a Postcard Home

Caxtons are mechanical birds with many wings
and some are treasured for their markings

they cause the eyes to melt
or the body to shriek without pain.

I have never seen one fly, but
sometimes ther perch on the hand.

Mist is when the sky is tired of flight
and rests it soft machine on ground:

then the world is dim and bookish
like engravings under tissue paper.

(١) Caxtons: مەبەست ویلیام کاکستۆنە کە وەکوو یەکەمین کەس لە چاپی کتێبی ئینگلیزیدا (١٤٧٥) ناوی لێ ئەبرێ؛ لێرەدا مەبەست لە کاکستۆن هەمان کتێبە.

باران واتە ئەوکاتەی زەوی تەلەڤیزیۆنە.
توانای تاریککردی ڕەنگەکانیشی هەیە.

مۆدێلی تی[١] ژوورێکە قفڵەکەی لە ناوەوەیە–
کلیلێ هەڵئەسووڕێ تا جیهان کەوێتە جووڵە.

هێندە خێرایە کە فیلمی
ئەوەی تێپەڕ بووە ئەبیندرێ.

زەمەن بەستراوە بە مەچەکەوە و
یاخود لە سندووقێکدایە و بەبێ قەرارییەوە چرکە چرک ئەکا.

لە ماڵاندا ئامێرێکی سیحراوی خەوتووە،
کە هەڵیدەگری، ئەمرخێنێ.

گەر ڕۆحەکە هاوار بکا،
ئەیبەن بەرەو لێویان و هێوری ئەکەنەوە

تاکوو بەدەنگەکانەوە خەوی لێ بکەوێ،
بەڵام، دیسانەوە، بەقامک ختیلکەی ئەدەن و بەئەنقەست بێداری ئەکەنەوە.

Rain is when the earth is television.
It has the property of making colours darker.

Model T is a room with the lock inside
a key is turned to free the world

for movement, so quick there is a film
to watch for anything missed.

But time is tied to the wrist
or kept in a box, ticking with impatience.

In homes, a haunted apparatus sleeps,
that snores when you pick it up.

(١) مۆدێلی تی، واتە جۆرە ئۆتۆمبێلێکی ئەو سەردەمە.



If the ghost cries, they carry it
to their lips and soothe it to sleep

with sounds. And yet, they wake it up
deliberately, by tickling with a finger.

تەنیا لاوان بۆیان هەیە
بەئاشکرایی ئازار بکێشن.

گەورەکان دەڕۆنە ژووری ئەشکەنجەوە،
کە ئاوی لێیە و هیچی بۆ خواردن تێدا نییە.

دەرکە قفڵ ئەکەن و
بەتەنیایی لە هات و هاواری دەنگەکاندا ئازار ئەکێشن.

کەس لەم یاسایە دەرباز نییە و،
ئێشی هەر کەسێ بۆنی خۆی هەیە.

شەوانە، کاتێ کە هەموو ڕەنگەکان ئەمرن،
دوو بەدوو خۆ ئەشارنەوە و

سەبارەت بەخۆیان ئەخوێننەوە –
ڕەنگاوڕەنگ، بەپێڵووی بەستراوەوە.

Only the young are allowed to suffer

openly. Adults go to a punishment room

with water but nothing to eat.
They lock the door and suffer the noises

alone. No one is exempt
and everyone's pain has a different smell.

At night, when all the colours die,
they hide in pairs

and read about themselves -
in colour, with their eyelids shut.

# ENGLISH POETRY

Vol. One

*Twentieth Century Poetry of England*

*Selected and Translated into Kurdish*

*by*

Omid Varzande , Bakhtiar Sadjadi

*First Edition , 2002*